مانگە شەو

ڕۆمان

نووسینی: ڤیان ئازاد

١٤٤٠ک - ٢٠١٩ز

ناسنامەی کتێب:

ناونیشانی کتێب: مانگە شەو

نووسینی: ڤیان ئازاد

بابەت: ڕۆمان

پێداچوونەوە و هەڵەچن: عەبدولعەزیز ئومێد

ساڵی چاپ: 2019ز - 1440ک

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

ـ سوپاس بۆ فۆتۆکۆپی بانە، کە ئەرکی چاپکردنی ئەم کتێبەیان لە ئەستۆ گرت.

پێشکەشی:

سەرەتا ئەم کتێبە ئەکەمە دیاری و پێشکەشی بۆ خوشکی بچووکم: لەیلا گیان، ئەی ئازیزترینم، ئەی پاکتر لە پەڕەی گوڵ، دیاریەکەم قبووڵ بفەرموو...

*** *** ***

پێشکەشی دەکەم بە هەموو کچێک، ئەو کچانەی وەک خونچەی گوڵ ناسکن!

وە ئەو کچانەی گوڵێکێ تەواو پێگەیشتوون، وە بە تایبەتی پێشکەشە بە هەموو کچانی کوردستانەکەم...

*** *** ***

وە پێشکەشە بە هەموو ئەوانەی شەیدای خوێندنەوەن.

پێشەکی:

کاتێک مناڵ بووم، سەیر کردنی مانگ زۆر جیاواز بوو، هەر خۆی هەموو شتێک لە "چاوی مناڵێکەوە" سەیر بکرێ جیاوازە، لەگەڵ سەیر کردنێک لە چاوی گەورە کانەوە.

ئەو شەوانەی کە مانگ بە بازنەیی و، وەک تۆپێک دەر ئەکەوت، زۆر جوان بوو. جوانیەکەی وەسف ناکرێ، وە ئەو هەستەی منیش هەم بوو، هەرگیز باس ناکرێ...

بەخۆمم دەووت: مرۆڤ ئەبێ وەک مانگ بێ، "هەموو زەوی ڕووناک بکاتەوەو، بۆ هەموو خەڵکی ببێتە ڕووناکی".

نابێ چاوەڕێی کەسێک بکەی ڕووناکیت بۆ داگیرسێنێت، بەڵکو خۆت هەوڵبدە ببیە هۆی ڕووناکی ناخ و دەروونی خۆت و، خەڵکیش.

چەند هەستێکی جوانە کە تۆ ڕووناکیت بۆ هەموو شتێک (هەروەک مانگ).

ئەو شەوانەی مانگ ڕووناکی بڵاو ئەکاتەوە، کە پێ ئەوترێ مانگە شەو، جیاوازیەکی زۆر بەدی ئەکرێ لە ئاسمان.

هەستەکان، شەوەکان، ئاسمان، ئەستێرەکان، جوانیەکی ناسک تریان هەیە، ئەو شەوانەی مانگە شەوبوون، شەوانێکی جیاواز لەهەموو شەوانی تر بەدی ئەکرا، پێویستمان بە چرا نەبوو. پێویستمان بە هیچ ڕووناکیەک نەبوو.

مانگە شەو فێری کردم کە شەویش جوانە، تەنها تاریکی نیی، شەویش ئارامیەک و جوانیەکی لە ڕادە بەدەری هەیە. شەویش جوانی خۆی سەلماند، بە مانگە شەو.

با هەموو مان سیفەتی مانگمان هەبێ لێرە، وە بە هەر مرۆڤێک ڕادەگەیێم، کە هەیە لە سەر گۆی زەوی، پێی دەڵێم: ئەی مرۆڤ تۆ لە کێ ڕادەکەیت؟ تۆ مرۆڤیت، دەکرێ لە مرۆڤەکان ڕابکەیت؟ دەکرێ وەک گیانلەبەرەکان لە ڕاوکردن یان لە مرۆڤەکان بترسیت؟ تۆ مێرولەی یاخود پشیلەی؟!

نا تۆ مرۆڤیت کەواتە هەر بە مرۆڤی بمێنەوە. ئایا دەتەوێ هەموو مرۆڤەکانی دەوروبەرت فریشتەبن! بۆ ئەوەی ژیانت بەباشی بڕوات، کە ئەمەق هەر گیز ڕوو نادات!

ناکرێ هەموو ئەو مرۆڤانەی لەدەوروبەرتن، فریشتە بن یاخود شەیتان بن، بەڵکوو باشە و خراپە هەیە، واتە: شەیتان و فریشتە!

کەواتە لەبەر خراپەکان چاوپۆشی لە باشەکانیش مەکە،

پێویستت بە هەبوونی خۆتە لەناویان تا بیسەلمێنی کە هەیت، هەر ئەمە ئازایەتی نیە لە مرۆڤەکان ڕابکەیت، مانەوە ئازایەتییە. کۆڵ نەدان ئازایەتیە.

وڵاتەکان شارەکان لادێ یەکان هەمووی پڕن لە مرۆڤ بۆ کوێ دەچیت؟! بۆ شاخ... بۆ دەشت و دەر.. نا ڕۆژێک دێ ئەوێش پڕ ئەبن لە مرۆڤ ئیتر قبوڵی کە، ئیتر مرۆڤ دەبێ خۆی قبوڵ کات بەو جۆرەی کە هەیە، گۆڕانکاری و چاکسازی لە ناخی خۆیدا بکات.

ڕاکردن و بێدەنگ بوون و خۆ لە ژوور نان، ژیان نییە. بەڵکو مردنە بە زیندوویی... زیندووێک لە قالبێکی مردودا!

هیچ کات هەوڵ مەدە ببی بە مردوویەک، چونکە مردوومان زۆرە. وا لەناو گۆڕەکانیاندان و پێویستمان بەتۆ نییە. وەک مردووێک بیت یان وەک زیندوێک، هەر پێویستمان پێتە!

ئەگەر دەڵێی بێ کەڵکم و توانای هیچم نیە، ئەوە ڕاست نیە، برۆ تەنها یەک گوڵ بڕوێنە، "ئاسانە" خۆ زەحمەت نییە!

بە سەیرکردن و بۆنکردنی ئەم گووڵە، سەدان کەس چێژ وەردەگرن، کەواتە، تۆ سودت بۆ سەدان کەس هەبوو!

ئێستا ئەپرسم ئایا تۆ بێ کەڵکی؟!

نا بێگومان نەخێر، تۆ لقێکی لە کۆمەڵگا، مرۆڤایەتی پێویستی پێتە بۆ چاندنی سۆز و خۆشەویستی...

بۆ ڕواندنی ئارامی...

ئەگەر ئەو سیفەتانە لەخۆتدا بەرجەستە بکەی، ڕەنگە هەم سەرەتایەک بێ بۆ ژیانت، هەم کۆمەڵگایەک و شارێک و لادێیەک، یان با چەند کەسێکیش بێ، بەهۆی تۆوە بحەسێنەوە...

ڤیان ئازاد

دەستپێک:

لەشەوێکی ئارامدا خەونێکم بینی، لە خەونمدا دایکم پێی گوتم: (کچم تۆ ئەبیت بە مانگ بۆ دایکت، ئەگەر من دوور بم یان نزیک، تۆ وەک مانگ لەبەرزی دا ئەبیت و، ناهێڵی هیچ دەستێکی ڕەش بگاتە تۆ، وە هەمیشە سەلامەت ئەبی بۆ ئەوەی گشت لایەک ڕووناک بکەیتەوە).

لە پڕێکا بەخەبەر هاتم و ترسێک کەوتە گیانم، زۆر پرسیار لەناو مێشکم کەڵەکە بوون. دەمووت: دەبێ ئاخۆ ئەم خەوە هۆکارەکەی چی بێ!

زۆر سەیرم پێ هات، ئەو کات تەمەنم تەنها (١٠) ساڵان بوو.

بەیانی هەر کە لەخەو هەڵسام یەکسەر چوومە لای دایکم و، خەوەکەم بۆ گێڕایەوە.

دایکیشم، ووتی: (کچی خۆم، ڕۆژێک دادێ تۆ ئەبیت بە مانگی من، دەبیتە مەشخەڵی ڕووناکی بۆ ناخی زۆر کەس، دڵنیام لەمە، کە هەر ئەوەش تاکە ئاواتی منە بۆ تۆ ڕۆڵەکەم).

دڵم زۆر خۆش بوو بەم قسانە، ئیتر گووتم: دایکە حەق وابوو ناوی منت نابا مانگ. ئیتر دایکیشم زەردەخەنەی کردو، گووتی: (تۆ هەر خۆت مانگی منی).

دایکم ئافرەتێکی زۆر لەخوا ترس و دیندار بوو، هەر لە تەمەنێکی کەمەوە "فێری قورئان خوێندن"ی کردم، ئەوەی زۆر سەرنجی منی ڕائەکێشا ئەوە بوو، هیچ گوێی بە شتە دونیاییەکان نەئەدا، زۆر خاکی و، بێ فیزو، خۆ نەویست بوو...

دایکم تاکە ئەکتەرو پاڵەوانی لێهاتوی ژیانم بوو.

باوکیشم، پاکترین و جوانترین و باشترین پیاوی دنیا بوو، تا ئەو کاتەی دایکم لە ژیاندا بوو.

من کچی تاقانەی ماڵەکەمان بووم، بەڵام خودای مەزن، دوو ئەڵماسی زۆر بەنرخی بەمن بەخشی بوو، ئەویش دوو برای ڕۆح سووک و شیرین بوون!

دایکم ناوی نابووم ئارەزوو، خۆشم ڕێک لەناوەکەم ئەچووم، پڕاو پڕ بووم لە ئارەزوو!

بیرتان ئاڵۆز مەکەن، ئێستا ڕەنگە بڵێن: ئارەزووی ئەوەی هەبووە سەیارە بکڕێت و، خانوی هەبێت و، هاوسەرێکی جوان

و دەوڵەمەن و دیندارو کۆمەڵێ منالی هەبێتن...

خۆ ناڵێم ئەمانە ئارەزووی خراپن، نا ئەمانەش بەشێکن لە پێویستی ژیان، بەڵام ئارزووەکانی کەس لە یەکتر ناچن.

بۆ نموونە: "هەر کەس ئارەزووی جۆرە خواردنێکی زیاترە لە جۆرێکی تر" بەهەمان شێوە شتەکانی تریش. بەڵام، ئارەزووەکانی من، وەک خۆراک پێویست بوون بۆ هەبوونم، وەک دڵۆپەی باران پاک بوون بۆ شوشتنەوەی ئارامیەکانی ڕۆحم! هێلانەیەک بوون بۆ ئاسودەیی.

وورده وورده گەوره ئه بووم و، قۆناغەکانی خوێندنم بە سەرکەوتوی تێ ئەپەڕاند.

لە پۆلی هەشتی ناوەندی ئالای کچان ئەم خوێند، لەگەڵ هاوڕێکان و مامۆستاکانم زۆر دڵ خۆش بووم، لەهەموو شتێک زیاتر دڵم بە خوێندنەکەم خۆش بوو، لەبەر ئەوەی سەرقاڵی خوێندن، تەنیای خۆممی لەبیر بردبوومەوە.

هەموو کەسێک هاوڕێیەکی هەیە، هەندێکجار سەردانی ئەکات، ئەویش: تەنیاییە!

بەشێک لە ئارەزووەکانم بە خوێندنم پەیوەست بوو...

بەیانیان کاتژمێر (٥) هەڵئەستام لە خەو بۆ نوێژی بەیانی و، نە ئەخەوتمەوە. دوای کەمێک قورئان خوێندن، ئەچووم چاییم ئامادە ئەکرد، دایکم زۆر نەخۆش بوو، بەڵام لەبەر هەژاری نەمان ئەتوانی بیبەین بۆ دکتۆر و، نۆرینگەیەکی باش!

هەر بۆیە، زۆربەی کارەکانی ماڵەوەم ئەکرد بۆ ئەوەی دایکم ماندوو نەبێ. زۆرم خۆش ئەویست، تاکەکەسی من بوو، باوکیشم بەیانییان زوو ئەڕۆیشت بۆ کار. براکانیشم (یوسف و ئیبراهیم) لە قۆناغی سەرەتایی ئەیان خوێند.

باوکیشم پێویست بوو ئەم ماڵە بەڕێوە ببات و، مەسرەفی ئێمە بکات، بە عارەبانە لە ناو بازاڕ پێداویستییەکانی ناوماڵانی ئەفرۆشت. سوپاس بۆ خوا بارودۆخمان باش بوو، بە ڕێوەئەچووین. هەمیشە ئەم ووتەیەم بیرئەهاتەوە کە ئەڵێ: هەمووکات سەیری لەخۆت نزمتر بکە نەک بەرز تر.

دەبێ هەمیشە ئەوەمان لە یاد بێ، ژیان بۆتۆ هەر چەند نا لەباربێت، بۆ کەسانێکی تر، زۆر نالەبارتریش هەیە.

بۆیە هەمیشە دەبێ (سوپاس گوزاربین).

ئەم دونیایە درامایەکی بچووکە و، ئێمەش هەموومان ئەکتەرین، خۆ لەلای خودا زۆر ئاسانە و هیچیش لە خەزێنەکەی کەم نابێتەوە، گەر هەموومان لەو پەڕی خۆشی و

دەوڵەمەنیا بژیەنێت، بەڵام، ئەکتەری ئێمە چییە لێرەدا؟!

ئێمە هیچ ڕۆڵێکمان نەما، کەواتە پەروەرێنم دەیەوێ ئێمە خۆمان ڕۆڵ بگێڕین و، ژیانی خۆمان بنیات بنێین، بەو شێوەیەی کە ئەو حەڵاڵی کردووە.

سوپاس بۆ خوا، ئێمە خانووی خۆمان هەبوو، کرێچی نەبووین. ئەوەندە بەس بوو باوکم مەسرەفی ماڵەوە کۆ بکاتەوە، ئیتر ژیانمان بەم شێوەیە بەڕێ ئەکرد.

براکانمم زۆر خۆش ئەویست، زۆر جار یاریم لەگەڵ ئەکردن. هەندێ جاریش لێیان تووڕە ئەبووم و، ئەم کرد بەشەڕ لەسەر ئەوەی هارو هاجی ئەکەن و، ماڵەکە لە من و دایکم، پیس ئەکەنەوە.

ئەم دوو برا بچکۆلەی من، دانێک لە دەوامبوون و، دانەکەی تریش لە کۆڵان یاریان ئەکرد. تا نانی ئێوارە بە ماڵ نەئەکەوتنەوە.

دە بوایە منیش شەو وانەکانیان پێ بڵێم، دوای ئەوە زۆر هیلاک ئەبوون و، ئەکەوتنە پرخەی خەوەوە. باوکیشم هەر وەک گووتم، لە بەیانیەوە دەرئەچوو تا شەو نەئە هاتەوە ماڵ، شەوانە ئازاری قاچی هەبوو، شانەکانی هەڵ دەئاوسان، ئەوەنەی عارەبانە لێخوڕێت!

دەچووم قاچەکانیم جوان دەشێلا، لەگەڵ شانەکانی. هەر پێم دەگووت: "باوکە بە دوای کارێکی تردا بگەڕێ. بەڵام، ئەو لەو کارەی ڕاهاتبوو و، کاری تریش بە ئاسانی دەست نە ئەکەوت.

شەممە بوو، یەکەم ڕۆژی دەوام بوو، براکانمم گۆڕی و، نان و چایم دانێ و، بەڕێم کردن.

دواتر سفرەکەم کۆ کردەوە، دایکم گووتی: وازی لێبێنە کچم دوا دەکەوی. گووتم: نابێ دایکە، چۆنەبێ تۆ قاپەکان بشۆی، تا نەیان شۆم ناڕۆم. تا هەموو کارەکانیماڵەوەم نەکردبا نەدەهاتمە دەرەوە، ماڵەکەم بە پاکی بەجێ ئەهێشت.

ئیتر خۆم ئامادەکرد و چوومە ماڵی هاوڕێکەم و، لە دەرگام دا.

دایکی "شەوبۆ" دەرگاکەی کردەوە، گووتم: پوورە سەلمە، شەوبۆ حازرە؟ (چونکە بۆ قوتابخانە دوا دەکەوین)، ووتی: بەڵێ کچەکەم، ئێستا بانگی ئەکەم.

شەوبۆ، شەوبۆ، کچم بڕۆ ئارەزوو هاتووە. شەوبۆ هاتوو، بەیانی باشمان لەیەککردو، بەڕێ کەوتین بۆ قوتابخانە.

قوتابخانەکەمان زۆر دووربوو، بەڵام هەر بە پێ دەرۆیشتین، چونکە هەژار بووین و نەمان دەتوانی کرێی سەیارە بدەین تاکوو بمانگەیێنێت.

ئەو بەیانییە شەوبۆ دەمو چاوێکی خەماوی و، بێدەنگ و زەرد هەڵگەڕاوی هەبوو! زۆرم پێ سەیر بوو، لەکاتێکدا ئەو هەمووانی دەخستە پێکەنین، ئێستا بۆ چی بەم شێوەیە!

تا گەیشتینە قوتابخانە هەر قسەمان ئەکرد، رێگاکەمان بە قسەکردن تەواو کرد و لێم پرسی: شەوبۆ گیان، خێرە ئاوا تێکچووی؟ تکایە پێمبڵێ.

شەوبۆ ئاخێکی هەڵ کێشاو، ووتی: "چیت پێ بڵێم ئارەزوو گیان، دوێنێ شەو داواکاریم هات، ماڵی مامم بۆ دابانی ئامۆزام داوای منیان کردووە.

منیش بە پێکەنینەوە ووتم: چییە ئەوە لە ئێستاوە داواکاریت لەسەر هەیە. دوایی ووتم: "جا ئەوە غەمباری بۆ چییە، بڵێ شوو ناکەم و تەواو...

ئای لەتۆ ئارەزوو گیان، بۆ وادەزانی ئەوەندە ئاسانە؟!

باوکم دەڵێ: هەر دەبێ ڕازی بی، دابان کوڕێکی باشە و نازانم چی و چی، دەوڵەمەنەو کاری خۆی دەکات و، کەسی ئاوا باشت دەست ناکەوێتەوە!

دیارە ئەو پێشتر منی کەوتۆتە دڵ، بەڵام من هیچ ئەوم خۆش ناوێت. من هەر وەکوو برایەک سەیرم کردووە...

ئارەزوو تکایە با ئەمە نهێنی بێ لە نێوان خۆمان، لای هاوڕێکانی قوتابخانە باسی مەکە.

جا ئەوە چ قسەیە کە شەوبۆ گیان، من کەی قسەی نێوان خۆمانمان باس کردووە، تا ئەمەیان باس بکەم! خەمت نەبێ باسی ناکەم.

شەوبۆ گیان زۆرم پێ ناخۆشە، تۆ تاکە هاوڕێمی، کەر تۆش بڕۆی تەنها دەمێنمەوە، تکایە مەڕۆ و، جێمەهێڵە.

شەوبۆ ووتی: گەمژە، وادەزانی من زۆر حەزدەکەم بڕۆم!

توند یەکترمان لە باوەش کردو، ئەو ڕۆژە زۆر گریاین. ئەو ڕۆژە "شەوبۆ" هیچ ئاگای لە وانەکانی نەبوو.

مامۆستا چەندین جار ئاگاداری کردەوە، ووتی: ئەمجارە دالْغە لێبدەی، دەرت ئەکەم.

منیش زۆرم پێ ناخۆش بوو، زۆر هەوڵمدا شەوبۆ بێنمەوە سەرەخۆ، بەڵام، بێ سوود بوو.

دواتر بەهۆی قسەکردنەوە هەردووکمان خراینە دەرەوە لە پۆل.

با پێشتان بڵێم... "شەوبۆ نزیکترین هاوڕێم بوو. متمانە پێکراو و، ڕاستگۆ بوو، بێ خوشکیم پێوە دیار نەبوو بەهۆی ئەوەوە.

ئینجا ناچار چووینە دەرەوە لەپۆل و، زۆریش سەرما بوو، بەڵام

هەر دەستمان کر بە پێکەنین و نەمان ئەزانی نە پێ ئەکەنین نە ئەگرین.

شەوبۆ زۆر جوان دەگەشایەوە بە پێکەنینەوە، منیش گووتم:

با هیچ شتێک غەمبارت نەکا، لەناکاو مامۆستای وانەی وەرزشمان لێ پەیدابوو، ناوی ئەسما بوو، مامۆستایەکی تابڵێی نەرم و نیان بوو، زۆر باشبوو، هەمیشە وەک هاوڕێ وابو لەگەڵ قوتابییەکان.

ئیتر ئەوەبوو گووتی: بەم سەرمای چیدەکەن لەدەرەوە؟!

منیش بابەتەکەم بۆ باسکردو پێم گووت لەبەرچی دەرکراوین. ئەویش زۆری پێ ناخۆش بوو، چوو لەدەرگای پۆلەکەمانی داو، داوای لە مامۆستا کرد بمان خاتە ژورەوە. گووتی: لەبەر خاتری من ئەم جارە بیان بوورە.

ئەویش ڕازی بوو بەڵام کە چووینە ژورەوە، قوتابیەکان گوتیان ئیمتیحانێکی پێکردین، وابزانم لە ڕقی ئێمە وایکردبوو، تا سفرمان بۆ دابنێت!

گوتی ئێوە بە غیاب حیسابن لەم دەرسە، بۆیە سفر بۆ هەردووکتان. منیش دەستم کرد بەگریان و، پێم قبوڵ نەدەکرا، چونکە بەرگەی ئەوەم نەدەگرت لە هیچ شتێ سفر بێنم،

هەمیشە نمرەکانم بەرز بوون. بەڵام دواتر گوتم قەینا با ئەم جارە قوربانی هاوڕێیەتیەکەمان بێ. دەبێ قەرەبووی بکەمەوە جارێکی تر.

کاتی قوتابخانە تەواو بوو، گەڕاینەوەماڵەوە ئیتر شەو داهات و، لەژێر جێگاکەمەوە هەر خەمم بۆ هاوڕێکەم دەخوارد.

هەر بیرم لێ دەکردەوە ئاخۆ چی بەسەر بێ، ئەو هەمیشە دەیگوت حەزدەکەم لە داهاتودا ببمە پارێزەر، بۆ ئەوەی کێشەی خەڵک چارەسەر بکەم، ئەی ئێستا کێ کێشەی ئەو چارەسەر بکات!؟

خودایە گیان بەس تۆ هەیت خودایە یارمەتی بدەی، بەم بیرکردنەوانەم خەوم لێکەوت.

بەیانی هات و لەخەو هەڵسام، دوای ئەوەی دەست نوێژێکم شووشت و چوومە سەر بەرماڵەکەم، بەرامبەر پەروەرێنەکەم وەستام و، دوو ڕکات نوێژی بەیانیم کرد و، لە سوجدە هەڵنەسام تا تێر گریام و، هانام بۆ پەروەرێنم برد و، دەردەدڵی خۆم لەگەڵ کرد. بۆم باسکرد کە کێشەی هاوڕێ کەم چییەو، داوام کرد بە زووترین کات، خودای میهرەبان بۆی چارەسەر بکات.

کێشەی شەوبۆ وەک کێشەی خۆم وابوو، ئیتر دڵم ئارام ئارام

بۆوە و، هیچ دوو دڵی و خەمم نەما. چونکە من ئەو کێشەیەم ڕادەستی پەروەرێنم کرد، دڵنیاشم پەروەردگار ئەوەی خێری تێدا بێت، ئەوە ئەکات بۆ شەوبۆی هاوڕێم.

پاش دوعاو پاڕانەوەکانم، ئیتر بەخۆمم گوت نابێ هەرگیز غەمباربی. شەرمە بۆمن کە خاوەنی پەروەردگارێکی ئاوا بم، غەمباریش بم! ئیتر چوومە دەر لە ژورێ و، خۆم گۆڕی بوو.

ماوەیەک کە نەچوومەتە بەر ئاوێن، ئەمرۆ بەیانی کەوتمە بەر ئاوێنەو، سەیری خۆمم کرد، بینیم چاوەکانم هەڵ ئاوساون!

سەیرم بەخۆم هات، گوتم ئەوە منم کە ئەوەندە گریاوم!

من نابێ چیتر بگریم، دەبێ بەهێز بم. هاورێکەم پێویستی بە منە. ئەو هاوڕێیەی کە منالێمان پێکەوە بەڕێ کردو بەیەکەوە گەورە بووین، بەڵێنمان داوە گەورە بوونیش پێکەوە بەڕێ بکەین.

چۆن بەرگەی جیابوونەوەی بگرم ئاخر ئەو تاکە هاوڕێی ژیانمە، سندوقی نهێنیەکانمە. هاوڕێی ئازارەکانمە، شەوبۆکەم نا بێ بڕوات و لێم جیا بێتەوە.

ئیتر لەبەر دەم ئاوێنە وەستا بووم و، ئاگام لە خۆم نەمابوو، ئەو قسانەم دەکرد، لەپڕ دایکم پەیدا بوو، گووتی: کچم بگری ئازار

بە گریان کەمێک سوکتر دەبێت، ئەزانم بۆ هاوڕێکەت غەمباری. ئامۆژگاریەکانی دایکم هەمیشە فریام دەکەوتن لەکاتی تەنگانەدا. قوربانتبم دایە گیان، نمونەی باشترین دایکی لە جیهان! ئەوەبوو دایکم دەرفەتەکەی قۆستەوەو، چەند ئامۆژگاریەکی زێڕینی کردم، گووتی:

کچی خۆم بیستومە کە هاوڕێکەت شەوبۆ، داواکاری هاتووە. کەچی هێشتا منالە بەڵام تۆ تاکە هاوڕێی ئەوی، ئەو ئێستا لەبارو دۆخێکی سەیر دایە. پێویستی بەوەیە کە لەلای بیت و، بەهێمنی ئاگاداری بیت. ڕاست و هەڵەکانی بخەیتە پێش دەستی، مرۆڤ لە کاتە دژوارەکان ڕاست و هەڵە کان تێکەڵ دەکات. بەڵام پێویستە تۆ بەهێزبی و، لە پشتی بووەستی.

نابێ شەوبۆ تۆ بەم شێوەیە ببینێ، ئەگەرنا زیاتر دەڕوخێت...

خەم خواردنی تۆ هیچ سودی نییە بۆ ئەو، تەنها خەمەکەی گەورەتر ئەکات. بەڵکو دەبێ خەمی ئەو لە کۆڵت بکەی.

دایکم هەمیشە لەکاتە سەختەکاندا لەلام بووەو، بە ئامۆژگاریە زێڕینەکانی ورەی بەرز کردومەتەوە. هەمیشە سوپاسی خودا دەکەم کە خاوەنی دایکێکی ئاوا میهرەبانم، هەمیشە تەواوکەری کەم و کوریەکانمە، دایکم ژیانمە.

دواتر دایکم گوتی ئێستاش بڕۆ نانەکەت بخۆ و، بڕۆ بەدوای

هاوڕێکەت، با دوا نەکەویت. منیش گوتم باشە دایکە گیان دەستم ماچ کردو، خودا حافیزیم لێ کردو، ڕۆیشتم. کە چوومە دەرەوە بینیم شەوبۆش لەبەر دەرگا بە کزی و غەمباریەوە وەستاوە.

دوای بەیانی باشی لێکردن و سەلامم لێ کردن، حاڵ و ئەحواڵیم پرسی. بەڵام زور بە کورتی وەڵامی داوەو، وەک بڵێی شتێک قورگی گرتبێ و نەتوانێ قسە بکات، فرمێسک لە چاوەکانی قەتیس ببون بەو بارو دۆخەی ئەو دڵم ژانی دەکرد. هەوڵمدا بەسەر خۆمدا زاڵ بم و، دڵی ئەو بدەمەوەو، ئازارەکەی خۆم لەبیر بکەم.

ئیتر پێم گووت: شەوبۆ گیان ئەمە ژیانی تۆیە، دەبێ خاوەنی بڕیاری خۆت بی. هیچ شتێک بە زۆر نابێت پێویستە بە شێوەیەکی نەرم تێیان بگەیەنی کە خوێندنەکەت لە پێش هەموو شتێکەوەیە.

شەوبۆ بە تورەییەوە گووتی: ئەوان بیانوی ئەوەشیان نەهێشتم گوتیان لای ئێمە بخوێنە، ڕێگریت لێ ناکەین ئێستا بیانویەکی تر هەیە بیلێم!

چیبکەم هاوڕێکەم؟ من لەوە ئەترسم بەس بۆ ڕازیکردنی من وابڵێن، دواتریش نەهێڵن بێمە قوتابخانە.

شەوبۆ گیان تکایە تەنها کەمێک ئارامبەو، ئەوەندە پەستان مەخەرە سەر خۆت. کەمێک پشوو بدە بە مێشکت. کە چووینە قوتابخانە بیرت بێتەوە کە ئەویٚ قوتابخانەیەو، تۆش قوتابی. هەموو کێشەکان لە دەرەوە جیٚ بێڵە. ئەم خەڵکە خۆت دەزانی چۆنن! بە دوای کێشەیەک دەگەڕێن بۆ ئەوەی بت ڕوخێنن... تکایە ئەوەی پێم گووتی بیرت نەچیٚ.

باشە ئارەزوو گیان، سوپاس بۆ خودا کە تۆم هەیە.

وانەکانی ئەمڕۆشمان تەواو بوو، خەریک بوو بگەرێینەوە ماڵەوە، لە ناکاو باو بارانێکی بەلێزمە هەڵیکرد. دونیا تەماوی ببوو، زۆر سارد بوو، نە من و نە شەو بۆش سەیوانمان نەهێنابوو.

ئیتر بیرمانکردەوە کەمێک لە ژێر هەیوانی قوتابخانەکە، لەبەر دەرگا بوەستین، بەشکووم جەوەکە خۆش ببیٚ.

لە پڕ شەوبۆ ڕای کردە بەر بارانەکە و، گووتی:

من بارانم زۆر خۆش دەوێت، با تەڕ بم.

گووتم: شێتە نەخۆش دەکەویت، تکایە بوەستە.

لە پڕ سەیارەک لەبەر دەممان ستۆپی کرد، ئامۆزاکەی شەوبۆ بوو، کاک دابان.

ئیتر وەستاو، گووتی:

تکایە سەرکەون با لەوە زیاتر تەڕ نەبن.

شەوبۆ بە توڕەییەوە گووتی: چییە هەر لە ئێستاوە وا هەڵسوکەوت ئەکەی کە خێزانی تۆ بم؟!

بۆچی هاتوی بە دوای ئێمە دا؟

کاک دابانیش گووتی:

شەوبۆ خان، من نەهاتووم بە دوای ئێوە، هەروا بێرەدا ڕۆیشتم.

تکایە گەر دەتەوێ لەناو سەیارەکە مناقەشە بکە، هاوڕێ کەشت بەهۆی کەلە ڕەقی تۆوە هەموو گیانی تەڕ بووە.

باشە دەی، ئیتر سەرکەوتین. لەناو سەیارەکە بێدەنگی باڵی کێشا، هیچ قسەیەکیان نەدەکرد. منیش نەم ویست تێکەڵبم تا گەیشتین، شەوبۆ بەخێرای دابەزی و، خودا حافیزیشی لێ نەکردم!

منیش خەریک بوو دائەبەزیم. گووتم: زۆر سوپاس ئەزیەتت کێشا کاک دابان.

ئەویش تکایەکی برایانەی کردوو گووتی: تکایە پێنج دەقە گوێم بۆ ئەگریت؟

منیش گووتم: فەرموو قسە بکە.

گووتی: ئارەزوو تۆ کچێکی ژیری...

هەروەها نزیکترین هاوڕێی شەوبۆی. ئەزانم کەبەیەکەوە گەورەبوون.

تکایە باوەڕم پێبکە من بەدەست خۆم نییە، ماوەیەکی زۆرە عاشقی شەوبۆم...

هەر بۆ ئەوەی عەشقەکەم بە جوانی و پاکی بهێڵمەوە بەماڵەوەم نارده داوای.

نەم ویست داوای هیچ پیوەندیەکی پێش وەختەی لێبکەم. چونکە خۆم باوەڕم پێی نییە. تاکە ڕێگە بۆ عەشقەکەم هاوسەرگیرییە، ئەگەرنا هەر لە ئازاردا دەژیم تا مردن، لەبەر دووری ئەو.

منیش گووتم:

کاک دابان، سوپاس بۆ ئەو ڕاستگۆیەت، بەڵام خۆشت دەزانی کە شەوبۆ هێشتا تەمەنی شووکردنی نیەو، دەخوێنێ.

ئامانجی ئەوەیە ببێ بە پارێزەر، تۆ ڕێ لە ئامانجەکەی ئەو دەگری!

نا نا نەخێر ئارەزوو، من شتی وا ناکەم، چۆن ڕێ لە ئامانجی

ئەو دەگرم!؟ بەڵکوو من یارمەتیشی ئەدەم و، لە پشتی ئەبم...

باشە کەواتە بۆچی هەموو ئەو قسانە بە ئەو ناڵێی؟

بێگومان ئەو ئەیزانێت بەڵام بڕوا ناکات... نایەوێ متمانە بە من بکات.

ئەگەر تۆ پێی بڵێی، دڵنیام ئەوا ڕازی ئەبێت. باشە من یارمەتیت ئەدەم. بەڵام، ئەی ئەگەر خاوەنی بەڵێنی خۆت نەبوویت و؟ شەوبۆت لەخوێندنەکەی دابڕاند؟!

ئەوکات هەرگیز لێت نابوورم، گەر بتەوێ کەڵک لە متمانەی من وەرگری... هەرگیز گەردەنت ئازاد ناکەم و، حەواڵەی پەروەرێنت دەکەم.

باشە ڕێککەوتین.

باشە دەی، خوات لەگەڵ.

ئەو ڕۆژەشم بەڕێکرد و، چومەوە.

بەدەست خۆم نەبوو، زۆر نیگەران بووم سەبارەت بە قسەکانی کاک دابان.

نەمدەزانی چیبکەم!

ئاخۆ متمانەی پێبکەم؟ یاخوود نا؟

بە شەوبۆ بڵێم یاخود نا؟

بۆچی پێم گوت (باشە)؟

ئێستا چیبکەم!

نەم ئەتوانی وەڵامی ئەم پرسیارانەی مێشکم بدەمەوە...

بەهەر حاڵ دووبارە هانام بۆ پەروەردگار برد، داوامکرد شتە ڕاستەکە کامەیە بخاتە دڵمەوە. پاش ئەوەش گفتوگۆم لەگەڵ دایکم کرد.

چونکە دایکم ئافرەتێکی تێگەیشتوو، و ژیر بوو. ئەو باشتر ئەیتوانی ڕێنماییم بکات، بۆ ئەوەی تووشی هەڵە نەبم،

هەمیشە ڕاو بۆچۆنی دایکمم وەر ئەگرت لە هەموو بابەتێکدا.

ئیتر گەیشتمە بڕیارە ڕاستەکە خۆم یەکلای کردەوە کە ئەم قسانە بە شەوبۆ بڵێم و، لێی نەشارمەوە...

ئیتر بۆ بەیانیەکەی کە چووم بۆ قوتابخانەش، هەر بیرم لای قسەکانی دابان بوو، نەم ئەزانی چۆن باسیکەم. وانەی کوردیمان هەبوو. مامۆستاش نەهاتبوو، بەهەلمزانی کە ئەم

مەجالە بقۆزمەوەو، بابەتەکە باسکەم لەگەڵ شەوبۆ.

چونکە نەم ئەتوانی لە ماڵی ئەوان بۆی باسبکەم. یاخود بانگی ماڵی خۆمانی بکەم، چونکە باوکی و براکانی بەهەڵە لێکیان ئەدایەوە، وایان ئەزانی من مێشکی شەوبۆ تێک ئەیەم و، ڕێگری لە هاوسەرگیری ئەو ئەکەم. نەیان ئەزانی کە شەوبۆ چەندە گرنگە لای من و، تەنها خۆشی ئەوم ئەوێت و، هیچی ترنا.

بەهەر حاڵ، ناچاربووم لە قوتابخانە کاتێک بدۆزمەوەو، تێی بگەیەنم. گووتم:

شەوبۆ گیان، ئەتوانین قسە بکەین؟

شەوبۆش پێکەنی و، گووتی:

ئێ خۆ من و تۆ هەر دایمە بەیەکەوە قسە ئەکەین، ئەی چی ئەکەین!

ئا ئەتەوێ یاریە خۆشەکە بکەین وەک و جاران؟

گووتم شەوبۆ، بووەستە مەبەستم ئەو شتانە نییە، سەبارەت بە دابانە...

دابان بۆچی؟!

سەبارەت بە دابان چی هەیە کە بە منی بڵێی؟

ئێ شتێک هەیە، بەڵام نازانم چۆن پێت بڵێم.

ئێ چی بووە بڵێ. ئەم دوو دڵیەی بۆ چییە!

ئارەزوو گیان، خۆتەزانی کە هیچ ئەم بابەتەم بەلاوە گرنگ نییە؟ دایکیشم پشتگیریم ئەکات خەمت نەبێ.

دایکم پێی گووتم:

باوکت ناتوانێ بە زۆر بەشووت بدا، منیش بە هێمنیەوە گووتم:

شەوبۆ، ئەی ئەگەر دابان بەڕاستی عاشقی تۆ بێ و، تۆی زۆر خۆش بوێت و، ڕاستگۆ بێت؟ ئەوکات چی...

ئەوە تۆ ئەڵێی چی شەوبۆ؟!

عاشقی چی!

ئەو کوڕە نازانێ خۆشەویستی چییە...

ئەو جۆرە کوڕانە بەس ئەزانن هاوسەرگیری بکەن و، دڵی خۆیان بە ئێمە موڕتاح کەن.

شەوبۆ گیان، نازانم چی وای لەتۆ کردوە کە ئاوا بیر بکەیتەوە دەربارەی ئامۆزاکەت.

بەڵام، ئەو ڕۆژەی بارانەکە من ڕاستیەکانم بینی لە چاوی دابانەو، وە هەندێک شتی پێ گووتم...

تکای لێکردم کە پێت بڵێم.

ئەگەر هۆکارێکت نەبێ، ڕەوا نییە گومانی خراپ بە کەس ببەیت.

خوشکی خۆم، شەوبۆ گیان، تکایە بە هێمنی گوێم بۆ بگرە.

شەوبۆ سەرەتا کەمێک توڕە بوو، گووتی: نا ئەتەوێ لە کۆڵ خۆتم کەیەوە، پشتی ئەو کوڕە ئەگریت، تا شوی پێ بکەم!

بەنەرمی دەستەکانی شەوبۆم گرت و، گوتم تۆ تەنها تووڕەی، بۆیە وا ئەڵێی! ئەگەرنا خۆت باشم ئەناسیت، کە چەند بۆم گرنگیت و تاکە هاوڕێی منی.

شەوبۆ گیان، هاوڕێکەم کاک دابانی ئامۆزات، دوای لێکردم ئەم قسانەت پێ بڵێم.

گەر پێم نەگوتبای، هەستم بە تاوانباری ئەکرد.

ئامۆزاکەت دابان پێی ڕاگەیاندم، کە ئەو قسانەت پێ بڵێم، ووتی: کەوا بە شەوبۆ بڵێ:

من ئامادەم هەر مەرجێکی هەبێ بۆی جێبەجێکەم. چونکە بەڕاستی خۆشم دەوێ، وە لەبەر ئەوە ڕاستەوخۆ داوای هاوسەرگیریم لێکرد، تا باوەڕ بە ڕاستگۆیم بکات.

دەمەوێ لەگەڵ ئەودا ژیانێکی جوان و خنجیلانە پێکەوە

بنێین، هەروەها لە پشتی ئەوەستم و هاوکاری ئەبم، تا ئەگات بەهەموو ئاواتەکانی و، خوێندنیش تەواو ئەکات.

شەوبۆ گیان، بەڕاستی ئەمە نمونەی کوڕی باش و چاکە، کوڕی ئاوا کەمە. هەروەها ئەگەر ئەزانی کە کوڕێکی دیندارو نوێژکەرە و، فرمانەکانی خودا پشت گوێ ناخات، ئەوە هەر لەدەستی مەدە.

تۆش جوان بیر بکەوەو بڕیار کۆتای خۆت بدە، باشە ئارەزوو گیان، مادەم وای گوتووە، جارێکی تر بیری لێدەکەمەوە.

کارێکی باش دەکەی شەوبۆ گیان، هیوادارم بگەیتە بریارێکی ڕاست و دروست.

ئەو کەسەی خودا بۆتی دەنێرێ دڵنیابە لە هەموو ئەو کەسانە باشترە، کە خۆت هەڵی دەبژێری، چونکە ئەوەی خودا دەیزانێ ئێمە نایزانین!

هاوڕێکەم، ئێمە لەو قەدەرەدا ئەژین کە خودا بۆی دیاری کردووین، وە تەنها دوعاو پاڕانەوەکانمان بۆی هەیە قەدەر بگۆڕێت، ئەگەر قەدەرمان باش بڕوا سوپاسگوزاری دەوێت.

ئەگەر باشیش نەبێت، خودا نەخواستە ئارامگری دەوێت. چونکە خۆشی و ناخۆشی هەردووکی تاقیکردنەوەن،

خۆشییەکان تەواو دەبن و ناخۆشیەکانیش تەواو دەبن.

بۆیە ئاگاداربە، دەبێ هەمیشە سوپاسگوزاربین و، ئارامگربین.

زۆر سوپاس هاوڕێکەم، بەڕاستی قسەکانی تۆ وەک دەرمانن، سارێژی برین دەکەن.

زۆر سوپاس بۆ تۆش هاوڕێکەم، گوێ گرتنی تۆش بۆ قسەکانم دڵخۆشم ئەکەن.

ئیتر پاش ماوەیەک، شەوبۆ لە نیاز پاکی و ڕاستگۆی دابانی بۆ دەرکەوت و، ڕازی بوو هاوسەرگیری لەگەڵدا بکات.

بەمشێوەیە، ڕۆژێکیان دیاری کرد بۆ مارە بڕینەکەو، شەوبۆی هاوڕێم داوای کرد لەسەر یەک (قورئانی پیرۆز) مارە بکرێت!

کە ئەوەم بیست، گووتم: هاوڕێکەم، شانازیت پێوە دەکەم.

خەڵکی کەوتبوونە قسەو قسەڵۆک و دەیان گووت: بینیتان چۆن خۆی گران دەکردو شوی پێ نە ئەکرد!

ئێستاش سەیرکەن چۆن خۆی هەرزان کردووە!

وەک بڵێی لەسەر کاڵایەک قسە ئەکەن! ئەوەنە بە ناشرینی باسیان ئەکرد...

ئا ئەمانە هیچ لە ئیسلامەتی تێنەگەیشتوون و، ناو هەناویان

بۆگەن و ڕەش بووە، بە فێڵ و تەڵەکانی شەیتان فریویان خواردووە. ڕۆژ تا ئێوارە بە خراپ باسی خەڵک دەکەن و، بوختانیان بۆ هەڵ ئەبەسن.

قسەو قسەڵۆکی خەڵکی تەواو نە ئەبوو، بەڵام چونکە شەوبۆ ئەمەی لە پێناو خودا کردبوو، بۆ ماڵی دونیا شووی نەکردبوو، زۆر دڵ خۆش بوو.

هیچ گوێی بەم قسانە نە ئەداو لە ژیانی خۆی بەردەوام بوو.

هەفتەیەک بەسەر مارەکردنەکەی دا ڕۆیشت، گواستنەوەی شەوبۆی هاوڕێم نزیک ببوو.

ئیتر ئەوەبوو شەوبۆ هات بۆ ماڵمان و، گووتی:

ئارەزوو گیان خۆ دێیت بۆ گواستنەوەکەم؟ تۆ نزیکترین هاوڕێمی ئەبێ هەر بێیت.

منیش گووتم: شەوبۆ گیان، گەر خودا بکاتە قسمەت، بێگومان لەگەڵ دایکم دێین. چۆن لە ڕۆژێکی ئاوا لەگەڵت نابم!

شەوبۆ زۆر دڵ خۆش بوو بەم قسانە، ئیتر خودا حافیزی کرد و، گەڕایەوە ماڵەوە.

منیش بەردەوام دوعای خێرم بۆ دەکرد، بۆ ئەوەی هاوسەرگیریەکی بێ کێشەو، کەموکوڕی بەڕێوەبچێت.

ئەوەبوو، هەینی کۆتایی هەفتە ڕۆژی هاوسەرگیری نزیکترین و خۆشەویسترین هاوڕێم بوو.

بۆیە بە پەرۆشەوە خۆمم ئامادە ئەکرد و حیجابێکی جوانم پۆشی، دایکیشم خۆی ئامادە کرد و، بە باوکمان گووت کە ئەچین بۆ گواستنەوەی شەوبۆی جیرانمان. ئەویش گووتی باشە. برا عەجولەکانیشمان لەگەڵ خۆمان بردن.

ئیتر ئەم ڕۆژە زۆر دڵ خۆش بووم. دڵ خۆشی هاوڕێکەم دڵ خۆشی منیش بوو...

ماڵی کاک دابان، واتە ماڵی زاوا، دوو کۆڵان لەسەرەوە تر بوو. لە قوتابخانەی ئێمە نزیک بوو، ئیتر ئەوەبوو چووین بۆ ماڵی شەوبۆ و، خزمەکانی شەوبۆ هەموویان لەوێ بوون و، خۆیان ڕازاندبۆوە. هەر سەیری منیان ئەکرد...

پێ یان سەیر بوو کە وا هیچ مەکیاژێکم پێوە نەبوو!

هەندێک تەعلیقیان لێدەدام و، هەندێک پێیان گووتم:

بۆچی خۆت نەڕازاندۆتەوە؟ نزیکترین هاوڕێت دەگوازرێتەوە.

پێم گووتن:

ئەگەر بۆ خۆشم بێت... ئەو دەم و چاوەی خودا بە جوانترین

شێوە پێی داوم، تێکی نادەم بەو دەرمان و شتانەی کە ئێوە بە جوانکاری و ڕازاندنەوە ناوی ئەبەن!

ئیتر گووتم با چیتر خۆم بەو شتانە سەرقاڵ نەکەم. بیرم چووە لای شەوبۆی هاوڕێم، هەر بیرم لە ئەو ئەکردەوە، ئاخۆ ئێستا چەندە جوان دەرئەکەوێ لەناو جلە سپیەکانی بەم چاوە ڕەشانەی!

کاتەکە هات و، شەوبۆیان هێناوە.

هەموویان چاویان لەسەر بوو، ماشاءالله چیم بینی!

گوڵێکی گەشی جوان دەرکەوت، ئەوەندە جوانبوو، چاوەکانی ئەبریسکانەوە، گوڵیش بۆ وەسفی ئەو کەمە، لە گوڵ جوانتر دەر ئەکەوت... ئەتووت مانگە شەوە! دڵی منی ڕووناک کردەوە و ڕوخساری منی گەشاندەوە.

ماڵی زاواش واتە ماڵی مامی شەوبۆ، زۆر کەسانێکی بەڕێز بوون. ئەوەبوو ئیتر چووم تێر شەوبۆم لە باوەش گرت و، پیرۆزبایم لێکردو هیوای خۆشبەختی و ئاسودەی و تەمەنێکی درێژم بۆ خواست.

چاوەکانمان پڕ بوون لە فرمێسکی خۆشی و، قورگمان پڕ بوو لە کوڵپەی گریان، قسەمان بۆ نە ئەکرا...

ئیتر وێنەیەکیشم لەگەڵ گرتن، وەک یادگاریەک، تا لای خۆم هەڵیگرم.

پاشان شەوبۆیان برد و، ماڵی زاوا دەستیانکرد بە ڕۆیشتن. چەند خزم و کەسێکیش لەگەڵی چوون و منیش چووم لەگەڵی. بەڵام، دایکم لەوێوە گەڕایەوە ماڵێ و، گووتی کچم تۆ بڕۆ من کەمێک سەرم ژان ئەکات، ئەڕۆمەوە.

گووتم: باشە دایکە گیان گەر زۆر بێ تاقەتی با منیش بێمەوە، پێکەوە ئەڕۆینەوە.

گوتی نا تۆ بڕۆ لەم ڕۆژە گرنگەدا لای هاوڕێکەت بە، پاشان دەستی دایکم ماچ کردو بەڕێم کرد. ئێمەش خزمانی بووک لەگەڵ ماڵی زاوا بەڕێ کەوتین بۆ ماڵی زاوا.

لە ماڵی زاواش، کۆمەڵێک لە خزمانیان چاوەڕێ بوون، کە گەیشتین پێشوازیان لێکردین و، پاشان ئەوەی وێنەی نەگرتبوو، دەستیان کرد بە وێنە گرتن و، دوای وێنە گرتنکەش پاش کەمێک خەڵکەکە پیرۆزباییان لە بووک و زاوا کرد و، گەڕاینەوە.

ئیتر منیش بەدەم ڕێگاوە هەر بیرم لە یادگاریەکانی خۆم و شەوبۆ ئەکردەوە، هەر لە منالێیەوە تا ئەو تەمەنە، زۆر شتی خۆش و ناخۆشمان بەڕێ کردبوو. یادگاری زۆرمان هەبوو

بەیەکەوە.

نزیکەی (دە) ساڵ ڕێگای خوێندمان بەیەکەوە بڕی، هەر لە مناڵیەوە تا ئێستا.

بیرمە کردەوە ئەمجارە ئەبێ بە تەنیا ڕێ بگرم، چەند هەستێکی ناخۆش بوو!

بەڵام ئیتر بە خۆمم گووت: تۆ هیچ کاتێک و لە هیچ شوێنێک بە تەنیا نیت. بۆیە هیچ نیگەران مەبەو مەترسە، چونکە بەردەوام خودا لەگەڵمانە...

کە گەڕامەوەماڵەوە، بینیم دایکم نەساغ بوو، زۆر پێداگیریم کرد بیبەین بۆ نەخۆشخانەیەک، بەڵام قبووڵی نەئەکرد، دەیگووت: خۆم چاک ئەبمەوە.

دایکم زۆر ڕقی لە داودەرمان بوو، هەرکە نەخۆش ئەکەوت، گوێی لە قورئان ئەگرت و دەیگوت هەر ئەمە دەرمانی منە.

دایکم لە پشووی هاویناندا، دەرسی قورئانی ئەگوتەوە بە مناڵان. قاتی سەرەوەی کردبوو بە هۆڵێکی گەورە و جوان و ڕازاوە.

بۆ ئەم مەبەستەی تەرخان کردبوو، تا خزمەتی مناڵان بکات و، فێری قورئان خوێندنیان بکات. لەبەر ئەوەی پشووی هاوین

من لەماڵ بووم، مەجالی باشی هەبوو بۆ وانە گوتنەوە، بەیانیان قوتابی کوڕی هەبوون، ئێوارانیش قوتابی کچ. شەوانیش ئافرەت دەهاتن، زۆربەی کاتی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردبوو، منیش زۆرم پێ خۆش بوو بەم کارە خەیرەی...

هەندێک جار خەڵکی یان خزمەکامان، بوختانیان بۆ هەڵ ئەبەست و چاویان پێ هەڵ نەدەهات.

بەڵام دایکم زۆر بەهێز بوو، هیچ ئەم بوختان و قسەو قسەلۆکانە کاریان تێ نەئەکرد. هیچ کاردانەوەی بۆیان نەبوو. هەر بۆیە منیش زۆر سەرسامی دایکم بووبووم....

بۆیە ڕۆژێک لێم پرسی دایکە گیان، نهێنی ئەوە چییە کە تۆ زۆر بەهێزی؟ هیچ ئەم قسانە کارت لێ ناکەن و خەمیان بۆ ناخۆی؟ دایکم ووتی:

کچی شیرینم ئەزانی نهێنییەکە چییە؟

ووتم: چییە؟

زۆر تامەزرۆ بووم بیزانم...

گووتی:

نهێنی سەرکەوتن و بەهێزی و خۆ ڕاگری، تەنها ئیمان و باوەڕێکی تەواوە لە دڵ و دەرونەکاندا. ئەگەر مرۆڤ ئیمان و

باوەڕێکی بێ کەموکورتی و تەواوی هەبوو بە پەروەرێنەکەی، ئەوا ئەم ئیمان و باوەڕە، هێزێکی وات پێ ئەبەخشن، کە بەرگەی هەموو شتێک بگریت.

زۆر دڵ خۆش بووم، بەوەی کە دایکم نهێنیەکەی خۆی پێ گووتم. منیش دەرسم لێ وەر گرت و، زۆر سودی هەبوو بۆ من.

یەکێک لە ئامانج و خەونەکانی دایکم ئەوەبوو، لە هەموو شوێنێک لقێک بکاتەوەو، شوێنێکی تایبەت بە خوێندن و فێربوونی قورئانی پیرۆز هەبێت. وە شەرحی قورئانی تێدا بکرێت و لێی تێبگەن و، ڕەفتاری پێ بکەن.

ئەمەش کە قورس بوو، دابینکردنی شوێن زۆر زەحمەت بوو، تێچووی زۆری دەویست ، ئێمەش ئەو توانا داراییەمان نەبوو، کەسی واشمان نەدەناسی و، خزمەکانیشمان باری داراییان باش نەبوو، تا داوای هاوکاریان لێ بکەین.

جگەلەوەش خەونێکی تری هەبوو ئەویش ئەوەبوو قوتابخانەیەکی قورئان خوێندن دابمەزرێنێت، وەک خوێندنگەی ئاسایی. بەڵام بۆ ئەمە دەبوایە ڕێ پێدان وەربگرێت و، لایەنێک پشتگیری بکەن.

چەندین جار داوای مۆڵەتی کرد، بەڵام ڕێگەیان نەدەداو، دایکمیان بە تیرۆرست ناو دەبردو، دەیان گووت: دەتەوێ

نەوەکانی داهاتوومان لێ هان بدەیت و بیان کەی بە تیرۆرست!

پەنا بەخوا، ئەم گومانە خراپانەیان بە دایکم دەبرد.

هەر بۆیە دایکم هەر ئارامی دەگرت و، چاوەڕێی کاتی گونجاوی دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا ئەترسا هەجەلی مەرگ ڕووی تێ بکاو، ئەم کارەی سەر نەگرێت.

هەر بۆیە شەوێک لەگەڵی دانیشتم و داوای لێکردم گوێڕایەڵی بکەم. منیش گووتم فەرموو دایکە، گووتی:

کچم، ئەترسم مەرگ ڕێگا نەدات خەونەکانم بەدی بێنم. بۆیە تۆ تاکە هیوای منی، گەر من هەر شتێکم بەسەرهات، ڕێچکەی من بەر مەدەو، جێگای من پڕکەوە.

بەردەوامبە لە فێرکردنی قورئانی پیرۆز بەهە موو چینەکان. دەست لە بڵاو کردنەوەی دینی خودا هەڵ نەگری، تەنانەت گەر بەرد بارانیشیان کردی...

وەک چۆن پێغەمبەری نازداریان بەرد باران کرد، لەسەر گەیاندن و بانگەشە کردن بۆ دینی پیرۆزی ئیسلام. کەچی هەر بەردەوام بوو بۆ یەک چرکەش وازی نەهێنا...

ئەی مانگە شەوی من، بەڵێندە وەک مانگ ڕووناکی کەیتەوە ناخ و دڵی بەندە هەژارەکان،

ئەوانەی هەژارن لە ئاست دین و قورئانی پیرۆز...

ئیتر دەستی دایکم ماچ کرد و، تێر بۆنیم کرد، گوتم دایکە گیان، خودا نەکا تۆ من تەنیا بکەی، بەڵام گەر خودا بەمە تاقیم بکاتەوە، ئەوا من ناچارم بەرگەی بگرم، وە بەڵێنیشت پێ ئەدەم تا دوا دڵۆپی خوێن و، هێز لە جەستەما، خزمەتکاری قورئان و دینەکەم بم، وە داواکاریەکانت بەجێ بگەیێنم.

دایکی خۆشەویستم، هەر من نا، ئاوا براکانیشمی ڕادەسپارد بۆ کاری چاک و جوان.

هەروەها، هەر لە منالّیەوە براکانمی فێری قورئان خوێندن و نوێژ و ئاکارو ڕەوشتی بەرز کردبوو، هەر چەند باسی ئەم دایکەم بکەم تەواو نابێ وەسف کردنی. لە هەموو شتێکی بۆ من هەم خوشک بوو هەم دای، نمونەی دایکێکی سەرکەوتوو ، و دڵسۆز بوو، نمونەی هاوسەرێکی تێگەیشتو دڵپاک و دەسپاک بوو. ئەتوانم بڵێم هەموو جوانیەکانی ژیانم لە دایکمەوە ئەبینی!

پشووی هاوین وورده وورده بەرەو کۆتای ئەچوو، بڕیارماندا سەردانی ماڵی داپیرەم بکەین لە لادێ.

ووتمان تا هاوین تەواو نەبووە با هەفتەیەک لەوێ بەسەر بەرین، هەم وەک سەیرانێکیش بوو، چونکە ژینی لادێ خۆی وا

ئەزانی هەر لە سەیراندای، کەش و هەوایەکی زۆر جیاوازی هەیە.

بۆ ئەم مەبەستە، دایکم مۆڵەتی لە باوکم خواست، داوای لێکرد ئەویش لەگەڵمان بێت. باوکمیش ڕازی بوو، گووتی: شەوێک ئەمێنمەوەو، ئەگەڕێمەوە لەبەر کارەکەم، ئێمەش ووتمان باشە.

دڵم زۆر خۆش بوو بەم سەفەرە، لەگەڵ ئەوەشدا بیری شەوبۆی هاوڕێم ئەکرد. چونکە کە ئەهاتەوە ماڵی دایکی، بێ من نە ئەڕۆشتەوە، هاوڕێ بەوەفاکەم سەردانی منیشی ئەکرد و، تێر باسی یادگاریەکانمان ئەکردو قسەی خۆشمان ئەکرد...

بەهەرحاڵ، ئیتر خۆمان ئامادە کرد و، ڕۆژی پێنج شەممە بوو بەڕێ کەوتین بۆ ماڵی داپیرەم.

دایکم قوتابییەکانیشی ئاگادارکردبۆوە کە سەفەرمان هەیە و، دەبێ ببورن کە بۆ هەفتەیەک ناتوانم قورئانتان پێ بڵێم و، بێمە خزمەتتان.

ئەوەبوو ئیتر گەیشتینە ماڵی داپیرەم و، هەموویان بە گەرمی پێشوازیان لێ کردین و، بەخێرهاتنیان کردین.

داپیرەشم، تا بڵێی مرۆڤێکی میهرەبان و شیرین بوو، منداڵانی زۆر خۆش دەویست.

دووخاڵیشم هەبوو ناویان ئومێد و سامان بوو، خاڵە ئومێد برا گەورەبوو، هاوسەرگیریکردبوو، کچێکی لە تەمەنی منیش هەبوو، ناوی ئاڵتون بوو. لەگەڵ سێ برای تر و، خوشکێکی چکۆلە، کە زۆرم خۆشدەویست.

ئیتر شەوانە هەموویان دەهاتنە ماڵی داپیرم و، لەگەڵ منداڵەکان یاری خۆشمان ئەکرد و، کاتێکی خۆشمان بەسەر ئەبرد.

لەگەڵ ئاڵتوونی کچە خاڵم سەیری مانگمان ئەکرد. پێشان وابوو پیاڵەی چامان ئەهێنا ئاومان تێ ئەکرد و، لە پێش چاومان ڕا ئەگرت بەرامبەر مانگ، سەیری مانگمان پێ ئەکرد، هەستێکی زۆر خۆش بوو...

من و ئاڵتون هەموو شەوێک ئەم یاریە خۆشەمان دووبارە ئەکردەوە. شتێکی زۆر جوانمان ئەبینی زۆر دڵمان پێی خۆش بوو.

شەوانە پێش ئەوەی بخەوین، داپیرەم هەمووماني بانگ ئەکردو چیرۆک و بەسەرهاتی زۆر خۆشی بۆ ئەگێڕاینەوە. تاوەکوو

ببێتە دەرسێک بۆمان، و پەندو وانەی لێوەر بگرین.

چیرۆکی پێغەمبەر یوسفم لە هەموو چیرۆکەکان پێ خۆشتر بوو، چونکە پڕ بوو لە قوربانیدان و سەرکەوتن.

دایمە داوام لە داپیرەم ئەکرد ئەومان بۆ بگێڕێتەوە، ئەوکاتەی چیرۆکی بۆ ئەگێڕاینەوە، ئەوەندە خۆش بۆی ئەگێڕاینەوە، هەمووومان بە دیاریەوە خەومان لێ ئەکەوت و، ئەچووینە دنیایەکی تر...

داپیرەم و باپیرەم کتێبخانەیەکی زۆر خنجیلانەیان هەبوو، پڕ بوو لە کتێب.

بۆیە دەرفەتم لە داپیرەم خواست کە یەکێکیانم پێ بدات تا بیخوێنمەوە، ئەویش زۆر پێی خۆشحاڵ بوو، گووتی: باشە کچی خۆم، کتێبێکت پێ ئەدەم کە لەگەڵ تەمەنی تۆیا بگونجێ و سودی لێ ببینیت.

منیش زۆر دڵ خۆش بووم بەم هەواڵەی داپیرەم.

کتێبێک کە لە گەڵ خولیاو خەیاڵی من دەگونجا، کتێبێک بوو بە ناوی:

(نهێنیەکانی ئافرەتی سەرکەوتوو لە ژیاندا!)

ئەمە یەکێک بوو لەو کتێبە نایاب و چاکانەی کە وەختی

خۆی باپیرەم بۆ دایکمی نووسیبوو، پێشکەشی ئەوی کردبوو، ئینجا داپیرەم هێنای و کردیە دیاری بۆ من. ئەم کتێبە گەوهەرێک بوو، گوزەرێک بوو بەناو ڕۆحی ئینساندا!

ئەم کتێبە لە پێنج بەشی سەرەکی پێکهاتبوو کە ئەمانەبوون:

یەکەم: ئافرەت لە منالّیدا.

دووەم: ئافرەت لەکاتی گەنجیدا.

سێیەم: ئافرەت لەکاتی هاوسەرێتیدا.

چوارەم: ئافرەت لەکاتی تێکۆشانیدا بۆ دینەکەی.

پێنجەم: ئافرەت لەکاتی پیریدا.

هەموو قۆناغەکان ڕوون و دیار بوون، ئەم کتێبە کانیەک بوو لە کانی ئەڵماس بۆ ژیانی ئافرەت، وەک هەناسە، وەک خۆراک پێویست بوو بۆ ژیانی ئافرەت، کە بیخوێنێتەوە!

ئیتر لە خۆشحاڵیان خەریک بوو بفرم و باڵ بگرم، کاتێک داپیرەم ئەم کتێبەی پێبەخشیم. بەڵێنم دا کە بەبا شترین و جوانترین شێوە بیپارێزم.

شەوانە لەدەرەوە، لە حەوشەی ماڵی داپیرەم، نیو سەعاتێکم بەخشی بەم کتێبە و، دەستم کرد بە خوێندنەوەی.

لە وەرزی هاویندا دانیشتن لە حەوشەی ماڵی داپیرەم خۆشترین جەو کەش و هەوای هەبوو...

جا کتێبیش بخوێنیتەوە ئەوە هەر باس ناکرێت!

ئیتر مرۆڤ کە کتێبێک ئەخوێنێتەوە، ئەبێ بە مێشک و دڵ و ڕۆحەوە بیخوێنێتەوە. ئەگەر وانەکەیت ئەوا هەرگیز چێژ لە خوێندنەوەی وەرناگریت، هەر بۆیە من بە جۆرە ئەمخوێندەوە.

کتێب خۆراکی ڕۆحە، باخچەی ئارامییە بۆ دەروون، بۆن و بەرامەی، زانست و تێگەیشتنە!

هەرگیز خۆتان لەم سەروەتە بێ بەش مەکەن، بخوێننەوە گەر یەک چرکەشی بۆ تەرخان بکەن، هەر باشە. بەس بێ خوێندنەوە ژیانت بەڕێ مەکە...

ئیتر کۆتای هەفتە نزیک ئەبویەوە ئێمەش ئەبوایە بگەڕێینەوە ماڵەوە.

کۆتا ڕۆژم لە ماڵی داپیرە، داوام لە ئاڵتونی کچە خاڵم کرد تۆزێک بەیەکەوە بچینە دەرەوە.

گردۆڵکەیەکی لێبوو لە پشت ماڵی داپیرەم، دارێکی بەرزی لێبوو، جۆڵلانەیەکمان هەڵخست. تا ماندوو بووین هەر

جۆللانێمان کرد و بەنۆرە یەکترمان پاڵ ئەدا، ئەم ڕۆژانە خۆشترین ڕۆژی ژیانم بوون تا بڵێی سادەو جوان بوون...

داپیرەم زۆر حەزی بە ئاژەڵداری و، ڕاگرتنی قەل و مریشک و ئەم جۆرە شتانە هەبوو.

زۆری هەبوون و، ڕای گرتبوون لە باخچەکەیاندا. بۆیە بەیانیان زوو لەگەڵ دەنگە خۆشەکەی کەڵە شێر بەخەبەر ئەهاتین و، نوێژی بەیانیمان ئەکردو ناخمان ئاسودە ئەبوو...

بۆ ئێوارەکەی لەگەڵ ئاڵتون چووینە لای مریشک و قەل و قازەکان، خواردنمان پێ ئەدان.

دیمەنێکی تا بڵێی جوان و دڵ ڕفێن بوو...

بەهۆی خوێندن و کارو باری دایکیشمەوە، نەمان ئەتوانی زوو زوو سەردانی ماڵی داپیرەم بکەین. بۆیە هەرگیز نەم ئەتوانی لەو کاتە خۆشانە تێر بم، کە لەماڵی داپیرەم هەستم پێ ئەکردن...

ڕۆژی هەینی، کە بۆ ئێوارە ماڵی خاڵمیش لەماڵی داپیرەم بوون، بە حوکمی ئەوەی خاڵە ئومێدم ئۆتۆمبێلی هەبوو، دایکم داوای لە خاڵە ئومێد کرد بمان گەیەنێتەوە شار.

ئەو شەوە دایکم ئیزنی خاڵمی نەدا و، لە لای ئێمە مایەوە، بۆ بەیانیەکەی زوو گەڕایەوە.

گوتم خاڵە گیان هەر نەبێ ئێوە زوو زوو وەرن، بیری ئاڵتون ئەکەم. گووتی: بەسەرچاو، بێ خەم بە ئارزوو گیان، هەر دەرفەتمان بۆ ڕێککەوت سەردانتان ئەکەین.

ئیتر خودا حافیزیان کرد و، بەڕێمان کردن.

پێش نیوەڕۆ گووتم دایکە گیان با بچم هەواڵێکی شەوبۆ لە پوورە سەلمە بپرسم بزانم چۆنە، حەفتەیەکە لێی بێ خەبەرم.

دایکم گووتی: باشە کچم، سەلامی من بە سەلمەخان بگەینە.

گووتم: باشە دایکە گیان.

چووم لە دەرگام داو دوو جار جەرەسم لێدا، وەڵام نەبوو. هەر گووتم پوورە سەلمە، پوورە سەلمە، جوابی نەبوو!

لە پڕ کوڕێک دەرگای کردەوە، ووتی:

ئەم هەرایە چییە، بەم بەیانیە نایەڵن بخەوین...

سەرم سوڕما، گووتم باشە من ڕووخساری براکانی شەوبۆم بیر چۆتەوە یان بەهەڵە هاتووم، لە دەرگایەکی ترم داوە!

گووتم نا بەخوا،ماڵەکە خۆیەتی...

گوتم باشه برای بەڕێزم تۆ کێی؟

مێوانی لە ماڵی پوورە سەلمە؟

بەتوڕەییەوە گووتی: ئەرێ پوورە سەلمەی چی؟! پورە سەلمە ئاو بردی...

زۆر لێی توڕە بووم، گوتم بەجوانی قسە بکە!

دواتر دایکی هات گووتی:

کوڕم هیوا، ئەوە کێیە؟ بۆ دەرگات گرتووە؟ بۆ نایەڵی بێتە ژورەوە؟

هاتە پێش و بەخێرهاتنی کردم، منیش جوابم دایەوە و، گووتم:

ببورە پورێ گیان ئێرە ماڵی پورە سەلمەیە؟ کچێکی هەبوو بەناوی شەوبۆ، هاوڕێی منە.

هاتبووم هەواڵی ئەو بپرسم، ئێستا بۆچی لێرە نین؟

گووتی: ئەها کچی خۆم تێگەیشتم باسی خاوەن ماڵی پێش و ئەکەیت.

ئەوان دەمێکە فرۆشتویانە، ئەم هەفتەیەش ئێمە ماڵمان گواستەوە بۆ ئێرە.

منیش بەخێرهاتنم کردن، گووتم:

زۆر بەخێربێن پوریّ گیان، داوای لێبوردنەکەم، بێزارم کردن...

ئێمە لە لادێ بووین، ماڵی داپیرەم. بۆیە ئاگادار نەبووین کە گواستویانەتەوە و لێرە نەماون...

گووتی: نا کچم بوراون، ئاساییە.

گووتم: زۆر سوپاس پوریّ گیان، ئەوەتە ماڵمان، هەر شتێکتان ویست لە خزمەت داین.

گووتی: سوپاس کچم.

گووتم: باشە پوریّ نازانی ماڵیان بردۆتە کویّ؟

گووتی: کچم ئەوەنەی من بزانم، چونەتە لای ماڵی کچەکەیان...

گووتم: باشە پوریّ گیان، سوپاس.

خودا حافیزیم کرد و، بە دڵگرانی گەڕامەوە ماڵەوە.

کە گەڕامەوە ماڵ، دایکم لێی پرسیم:

کچم چی بوو هەواڵت وەر گرت؟ چۆن بوون؟

منیش بێدەنگ بووم، دایکم سەیرێکی کردم و گووتی:

چییە کچم بۆ بیّ تاقەتی؟ بۆ ڕەنگت ئاوا تێک چووە؟ ئەو بێدەنگیەتم بە دڵ نییە، خۆ قسەیەکیان پیّ نەوتووی؟

گووتم: نا دایکە گیان، ماڵە کەیان فرۆشتووە و، کەسانێکی تر هاتونە ناو خانووەکەیان...

بۆ دایکم گێڕایەوە کە چی ڕوویدا ئەوکاتەی لەدەرگامدا، دایکیشم خۆی بێ نەگیرا، تۆزێ پێم پێکەنی و گاڵتەی پێ کردم، منیش لەگەڵ ئەو کەوتمە پێکەنین. گووتی: خراپت لێ قەوما، بە بەلاش ئەم ماڵەت بێزار کرد بەم بەیانییە...

ئێ گوتم دایکە گیان، خەتای من چییە؟ چۆن بزانم کە ماڵیان بارکردوە؟

دایکم گووتی:

گوێی پێ مەدە کچم، کە باوکت هاتەوە لێی ئەپرسین. ڕەنگە ئەو بزانێ کە چی ڕوویداوەو، بۆکوێ ڕۆیشتوون، تا ئێوارە ئارامبگرە.

گووتم: باشە دایکە گیان.

ئیتر بوو بە ئێوارە، باوکم گەڕایەوە. دوای ئەوەی کەمێک حەسایەوە، هەر زوو چوومە لای و گووتم: باوکە گیان، ئەوە ماڵی پوورە سەلمە بۆ کوێ چوونە؟ بۆ ماڵیان لێرە نەماوە؟

گوتی ئەها کچم، ئەوە دوێنێ شەو ئێوە درەنگ گەڕانەوەو، بەیانیش من زوو ڕۆشتم، بۆیە ڕێک نەکەوت پێتان بڵێم.

ئەوانماڵیان بارکردووە.

ئێوارەیەک شەوبۆی هاوڕێت هاتە ئێرەو، نامەیەکی پێدام، گووتی: بیدە بە ئارەزوو.

منیش لێم وەرگرت و، گووتم: باشە کچم خەمت نەبێ.

باوکم چوو نامەکەی هێناو، گوتی ها کچەکەم.

بەخێرایی نامەکەم لە باوکم وەرگرتوو، زۆر سوپاسم کرد.

ئیتر زۆر بە پەرۆش بووم، هەر دەمگووت ئاخۆ ئەم نامە دەبێ چی لێنوسرابێ؟!

ئیتر بەپەلە چوومە ژورەکەم و، دەرگام داخست و نامەکەی شەوبۆم کردەوە، تا بیخوێنمەوە...

نامەکە تێیدا نوسرابوو:

ئارەزوو، هاوڕێی منالّیم، هاوڕێ شیرینەکەم، زۆر بەداخەوەم کە نەمتوانی لە باوەشت بگرم و، بۆ دواجار پێت بلّێم ماڵئاوا، ماڵی ئێمە لەگەڵ ماڵی باوکم ڕۆیشتین بۆ دەرەوەی وڵات...

بەهۆی کێشەی خێزانییەوە، براکەم نەوزاد تووشی کێشەیەک هات، ئێمەش بۆ ئەوەی کێشەکە گەورەتر نەبێت، بڕیارماندا بڕۆین و وولات جێ بێڵین.

وە دابان بەڵێنێ پێداوم کە خوێندنەکەم تەواو بکەم و، دەست بە ژیانێکی نوێ بکەین.

زۆر دڵ گرانم بە جیا بوونەوەمان و، دووربوون لەتۆو لە نیشتیمانەکەم.

هاوڕێی ئازیزم، گەر خودا بکاتە قسمەت، ڕۆژێک هەر بەیەک شاد ئەبینەوە، بۆیە هەرگیز لەیادم نەکەیت و، لەیادیشت ناکەم تا ئەبەد.

دڵنیابە یادگاریەکانمان بە زیندووی ئەمێننەوە، وە لە دڵمدا هەڵیان ئەگرم و بەباشی ئەیان پارێزم...

زۆرم خۆشدەوێی هاوڕێ باشەکەم ئارەزوو گیان، بەخوات دەسپێرم...

هاوڕێی بەوەفات: شەوبۆ

هەتا نامەکەم خوێندەوە، دڵۆپ دڵۆپ بە فرمێسک نامەکەم تەڕ کرد، زۆر بۆی گریام و نەم ئەتوانی خۆم بگرم لەو کاتەیا، ئاخر شەوبۆ تاکە هاوڕێی ژیانم بوو، زۆر دڵ گران بووم و، زۆرم خەفەت خوارد. بەڵام ئیتر زانیم ئەم خەم خواردنەم هیچ سوودی نییە.

لەو کاتەدا ئەم ئایەتە پیرۆزەم کەوتە بیر، کە پەروەرێنەکەم

دەفەرمووێ: ﴿إن الله مع الصابرين﴾. واتە: خوای گەورە لەگەڵ ئارامگرانە...

هەر بۆیە بەڵێنم بەخۆمدا کەوا، ئارام بگرم و دان بەخۆم دا بگرم. وە هەڵسام دەست نوێژێکم گرت و، دوو ڕکات نوێژی سونەتم کرد.

باشترین کار بتوانم بۆی بکەم ئەوەبوو، هەندێک دوعای خێری بۆ بکەم. لە بەردەم پەروەرێنم، بە زەلیلی و بێ دەسەڵاتییەوە داوام کرد و ووتم:

ئەی پەروەردیگاری جیهانیا، ئەی خاوەن شکۆو، دەسەڵاتی بێ پایان، ئەو هاوڕێیەم و خێزانەکنی لە هەر کوێیەکن، خێربهێنە ڕێگایان و هەر خۆت پشت و پەناو چاودێریان بە...

ئەی خودایە گیان، من ئەوان سپاردەی تۆ دەکەم. پەروەردیگارا، سپاردە لای تۆ هەمیشە پارێزراوە...

ئاوا بەم دوعاو پاڕانەوانە، توانیم ئاسوودە و ئارام ببمەوە و، خۆم کۆ بکەمەوە. لەژوورەکەم هاتمە دەرەوە و، چوومە لای دایکم، ئەوان لە مەدبەخەکە دانیشتبوون، دایکم گووتی:

ئارەزوو، کچەکەم چیبوو شەوبۆ چی بۆ نوسیبووی؟ نەیگووتماڵی باوکی بۆ گواستویانەتەوە؟

بەڵێ دایکە، هەموو شتێکی بۆ نووسی بووم، ئەوان ڕۆشتنوونە بۆ دەرەوەی وولات، بەهۆی کێشەی براکەیەوە. کێشەیەکی کۆمەلایەتی تووش بووبوو.

دایکیشم ئاخێکی هەڵکێشاو، گووتی:

بەداخەوە بەڕاستی دراوسێیەکی باش بوون، لەگەڵیان ڕاهاتبووم، نەمتوانی خودا حافیزیش لە سەلمەی خوشکم بکەم، دیارە وا خێری تێدا بووە، خودا ئاگاداریان بێت.

باوکم گووتی: من هەر لە خەڵکیەوە هەندێک شتم گوێ لێبوو، گەرنا هیچم نەزانیبوو. خەڵکیش هەر لە خۆیانەوە قسە ئەکەن، کەس نازانێ کێشەکە چی بووە، هەر لەخۆیانەوە شت دروست ئەکەن بۆیە من باوەڕم بە کەس نییە.

باوکم زۆر بە پرسیار نەبوو، وە تێکەڵی هیچ کێشەیەکی خەڵکی نە ئەبوو، ئەگەر بە چاوی خۆشی بینیبای، باسی نە ئەکرد، چ جای لە خەڵکیەوە بیبیستێ!

باوکم زۆر ڕۆح سووک و قسە خۆش بوو، دایمە وەک هاوڕێ یەک وابوو لەگەڵم.

باوکم ناوی ئەحمەد بوو، لە گەڕەکی ئێمە بە وەستا ئەحمەد ناسرا بوو، ڕاستە دەوڵەمەند نەبوو لە ڕووی داراییەوە، تا

هاوکاری هەژاران بێت، بەڵام بە جەستەو شان و شەوکەتی خۆی، هەرچەند لە توانای دابا، یەرمەتی دۆست و برادەران و دراوسێیەکانی خۆی ئەدا. کارێکیان هەبوایە ئەهاتن بەدوایدا، ئەوەندەی لێی زانیبا بۆیانی جێبەجێ ئەکرد.

باوکم تەنها یەک برای هەبوو ناوی داود بوو، هیچ خوشکیان نەبوو، ئەم دوو برایە کەسیان نەبوو جگە لە خودا...

باوکم هەر زوو دەکەوێتە بەر ئیش و کاسبی و لەسەر قاچەکانی دەوەستێت، براکەی خۆی دەنێرێتە قوتابخانەو، زۆر هانی ئەدات بۆ خوێندن. چوونکە خۆی بێ بەش بوو لە خوێندن لەبەر بێ کەسی و هەژاری.

دەیگووت: نابێ براکەشم بێ بەش بێ، باوک نەیدەهێشت مامە داود لە خوێندن داببڕێت.

بۆیە ئەویش ئەیخوێند، تاکوو تەواوی قۆناغەکانی خوێندن بە سەرکەوتوویی ببڕێت و لە دواییشدا دابمەزرێت و ببێتە فەرمانبەری حکومی.

ماڵی مامە داودیش لە ئێمە نزیک بوو، تەنها چوار خانوومان لەنێوان بوو، هەر لە کۆڵانەکەی ئێمە بوو. ئەو بە تەنها ئەژیا،

زۆر جار باوکم پێی وتبوو بۆخۆت هاوسەرگیری بکەو، خۆت لەم تەنیایە ڕزگار بکە، بەڵام بەقسەی نە ئەکرد.

تەنها یەک جار بڕیاری ژن هێنانی دابوو ئەویش سەری نەگرتبوو، دوای ئەوە وازی هێناو بیری لە هاوسەرگیری نەکردەوە. چونکە زۆر هەستیان بریندارکردبوو، زۆر قسەی نەشیاوی پێ گوترابوو، لە لایەن ماڵی باوکی ئەو کچەی کە مەمامە داودم بە نیاز بوو هاوسەرگیری لەگەڵدا بکات.

شەوێکیان باوکم بۆی گێڕاینەوە گووتی:

داودی برام بەنیازبوو ژن بهێنێت، کچێکی ڕێک و پێک و بە ڕەوشتی دەسنیشانکردبوو لە دڵی خۆی.

بۆیە داوای لێکردم لەگەڵ مریەمی دایکت بۆی بچینە خوازبێنی، ئێمەش بە دڵێکی خۆش بڕیارماندا ڕۆژێک دیاری بکەین و، بڕۆین بۆ ماڵی کچەکە، بەناوی زەینەب.

داودی برام، دیاربوو ئەم کچەی لە شوێنی دەوام کردنەکەی ناسیبوو، هەر بۆیە بڕیاری دابوو هاوسەرگیری لەگەڵ بکات.

ئەوەبوو داودی برام بە هاوڕێیەکی خۆی هەواڵی دابو پێیان، کەوا دەمانەوێ بێینە خوازبێنی کچەکەتان، ئەوانیش ڕازی ببوون، گووتبوویان با بێن.

ئیتر ئێمەش، واتە من و دایکت بڕیارماندا شەوێک بچین، ئیتر ئەو شەوە هات و تەنها من و دایکت چووین بۆ ماڵی زەینەب خان.

چووین لە دەرگامانداو، دەرگایان کردەوە و، کوڕێکی گەنجی باڵا بەرز بوو گووتی: فەرموو.

گووتمان ئیزن هەیە؟ ئێمە هاتووین بۆ ئیشێکی خێر.

گووتی: بەڵێ فەرموون بۆ ژوورەوە.

دیاربوو ئەم کوڕە برای زەینەب خان بوو، ئیتر چووینە ژووریٚ و دانیشتین. دایک و باوکی زەینەب هاتن و بەخێرهاتنیان کردین و دوای کەمێک قسەکردن، زەینەب خان هات و ئاوی هێناو بەخێرهاتنی کردین.

خاتوو زەینەب کچێکی ڕێک و پێکی باڵا پۆش بوو، کەسێکی تێگەیشتوو و بەڕێز دیاربوو.

ئیتر گووتمە باوکی زەینەب کە ناوی حەسەن بوو، دایکیشی ناوی خدیجە بوو، گووتم:

کاک حەسەن با زۆر لە کاتتان نەگرین، هاتووین بۆ ئیشێکی خێر بۆ داودی برام. داوای زەینەبی کچتان دەکەین گەر ئامادەبن بە شووی بدەن.

ووتیان: ئێمەش چاوەڕێی ماڵێکی باش و بەڕێز دەکەین، بێگومان حەزدەکەین کچمان بچێتە سەر ماڵ و حاڵی خۆی.

کاک حەسەن گووتی: تۆ برا گەورەی ئەوی؟ ئەی دایک و باوکت بۆ نەهاتوون؟ گوتم بەڵێ ژن برای گەورەی ئەوم، دایکم و باوکیشم خودا لێ یان خۆشبێ، ئێمە هێشتا مناڵ بووین کۆچی دوایان کرد.

کاک حەسەنیش گوتی خودا لێ یان خۆشبێ، گووتم: با ڕاستیەکەت پێ بڵێم کاک حەسەن، داود جگە لە من کەسی نییە، ئێمە ئەم دوو برایە کەسمان نییە جگە لە خودا، هەندێک خزمی دووریشمان هەن ئەوانیش لێرە نین و لە ئێران دەژین.

گوتی باشە کاک ئەحمەد، ئێمە دواتر هەواڵتان ئەدەینەوە، ئێمەش گوتمان باشە، چاوەڕێی بڕیاری ئێوە دەکەین.

ئێمە گەڕاینەوە ماڵ و چاوەڕێی وەڵامی ئەوان بووین، ڕەقەمی خۆم دایە باوکی زەینەب و گووتم چاوەڕێی هەواڵین.

بەیانی چووم هەندێک لەو خێزانەم کۆڵیەوە. لەو گەڕانەم بۆم دەرکەوت کە خێزانێکی گەورەن و خاوەن خزم و کەس و ناسیاوی زۆرن. لەوێوە چوومە مزگەوت کەمێ پشوو بدەم و نوێژ بکەم، ئەم مزگەوتە نزیکی ماڵی کاک حەسەن بوو، دوو پیاو هاتنە دەرەوە بیستم قسەیان ئەکرد. پیاوێکیان گووتی:

بیستوومە زەینەبی کچی حەسەن خوازبێنی هاتووە!

جا لە هەمووشی خراتر، بێ کەس و کارن، خوا دەزانێ کێن و چین!

جا چۆن کاک حەسەن کچ بەم جۆرە کەسانە ئەدات؟!

کەس و کار بەلای ئەوەوە زۆر گرنگن، زۆر زەحمەتە ڕازی ببێ...

ئیتر بەم قسانە زۆر بێ تاقەت بووم، دوای نوێژی جەماعەت گەڕامەوە ماڵەوەو، بیرم لەقسەکانی ئەم دوو پیاوە ئەکردەوە. زۆر خەمی براکەمم بوو.

ئەوەبوو بانگی داودم کرد و، گووتم:

براکەم بۆ خۆت بەدوای کچێکی تردا بگەڕێ، ئەوە سێ ڕۆژە جوابیان نەداوینەتەوە، ڕەنگە کچەکەیان بە نیازی شووکردن نەبێت. داودی براشم زۆر کەلە ڕەق بوو، گووتی:

شتی وا نابێ، چۆن ئەبێ جوابمان نەدەنەوە؟!

دڵم نەئەهات دڵی بشکێنم و قسەی ئەم دوو پیاوەی بۆ بگێڕمەوە.

ئەوە بوو ڕۆژێک داود چوو بۆ لای باوکی زەینەب و، پێی گووتبوو: باوکی زەینەب من داودم، داوای کچەکەتم کرد وەک

پیاو، بۆ وەڵامتان نەداینەوە نە بە بەڵێ و نە بە نەخێر؟!

کاک حەسەنیش پێی گوتبوو: جا بۆ خۆم بە کەسێکی وەک تۆ خەریک بکەم؟!

بێ کەس و کار، خوا ئەزانێ چۆن گەورە کراویت!

کچی خۆم نادەم بە کەسێکی بێ خاوەن...

کە ئەم قسانەی کرد، دڵم بوو بە پارچە پارچە و چاوم لێڵ بوون قورگم پڕ بوو لە گریان...

بێ وەڵام ڕۆیشتم و چووم لە پاڕکێکا دانیشتم گوتم بۆ من نەم ئەویست دایک و باوک و خوشک و کەس و کارم هەبێت بۆ نەم ئەویست خێزانێکی گەورە باین؟

تاوانی من چییە، ئەوە قەدەری خودایە...

خۆ هەموو کەس وەک یەک نییە، نازانم چۆن بەبێ بیر کردنەوە ئەم قسانەی کرد؟! بەڕاستی ئەم جۆرە کەسانە ویژدانیان نیە...

دواتر هەڵسام و بەخۆمم ووت: نەخێر نابێ قسەی پیاوەکی وا بمخاتە گریان، نە من و نە هیچ بەندەیەکیش بێ خاوەن نییە. بەڵکوو خودای گەورە خاوەن و کەس و پشت و پەنای ئێمەیە.

ئەبێ ئەوەی پێ نیشان دەم کە هیچ کەس بێ خاوەن نییە...

چونکە ئێمە بەندەی خالقین، ئەوەنەی بیرم لێ ئەکردەوە نە ئەچووە مێشکم کە بە زەینەبیان گووتبێ، ئەو کچێکی تێگەیشتووە دڵنیام کە بەو شێوەیە نەدەبوو گەر ئەو ئاگادار بوایە؟!

ئیتر بۆ بەیانی ڕۆیشتمە دەوام و، بڕیارمدا خۆم بچمە لای زەینەب و، هەموو شتێکی بۆ باس بکەم...

ئەو لە ژوورێک بوو، منیش لە ژورێکی تری قاتی سەرەوە بووم، چوومە خوارەوەو لەدەرگای ژوورەکەیانمدا، گووتیان: فەرموو. چوومە بەردەم زەینەب و گووتم:

زەینەب خان گەر ئینجازە هەبێت ئەمەوێ کەمێک قسە بکەین...

ئەویش بە ئاسایی وەریگرت، گووتی: فەرموو.

گووتم: ببورە، ئەو شتەی دەمەوێ باسی بکەین، تایبەتییە. ئەبێ لە شوێنێک دانیشین و قسە بکەین.

گووتی: ببورە، لە هەڵسوکەوتی مندا نییە کە بە تەنیا لەگەڵ پیاوێکی نەناسراو دابنیشم، گەر ڕازیت موژدەی هاوڕێشم لەگەڵمان بێت، ئاساییە. گەرنا هیچ.

گووتم: باشە کێشە نییە.

چووینە دەرەوەو لەسەر دوو کورسی دانیشتین، گووتم: خاتوو زەینەب، منیش فەرمانبەرم لەو فەرمانگەیە، نازانم ئاگاداری یاخود نا.

لە ڕاستیدا چونکە لە یەک هۆبەو و لە یەک ژوور نەبووین، بەدەگمەن کەوتبووە بەرچاوم، هەر بۆیە گووتی: ببورە تا ئێستا یەکەم جارە بتانبینم.

گووتم: نا ئاساییە و کێشە نییە. من ناوم داودە، بە ویستی خودا و قەدەری خودا وابوو، چەند جارێک کەوتییە بەرچاوم، منیش بەدەس خۆم نەبوو، تۆم کەوتە دڵەوە.

بڕیارم دا چاودێریت بکەم، ماوەیەک چاودێریم کردی لە هەڵسووکەوت و باشی تۆ دڵنیا بوومەوە.

پاشان بڕیارم دا بنێرمە خوازبێنیت بێ ئاگاداری خۆتان.

هەر بۆیە شەوێک براکەم ئەحمەد، لەگەڵ براژنە مەریەم هاتن بۆ خوازبێنی تۆ. بەڵام سێ ڕۆژ بەسەر چوو ماڵی ئێوە هیچ وەڵامێکیان نەبوو. کەچی ووتبویان دواتر وەڵامتان ئەدەینەوە!

هاوڕێکەی زەینەب کە ناوی موژدە بوو، یەکسەر پێکەنی و گووتی:

پێدەچێ تۆ بەهەڵە هاتبی، دڵنیام ژمارەیەکی هەڵەت لێداوە،

چونکە ئەگەر زەینەب گیانم داخوازی بێت، یەکەم کەس من ئەیزانم، ڕاستەوخۆ بە منی ئەڵێ، چونکە چەندین ساڵەهاوڕێن نزیکترین و خۆشەویسترین هاوڕێم زەینەبە، شتی وام لێ ناشارێتەوە.

منیش گووتم ئێ بەشکووم لەم شتەیا حەزی نەکردبێ پێت بڵێ، زەینەب خان هاتە جواب و پێی گووتم:

کاک داود تۆ هەڵەی، من هیچ خوازبێنیەکم نەهاتووە لەم ماوەیەدا، لەوانەیە بەهەڵە ناردبێتنە ماڵێکی تر!

گووتم: خاتوو زەینەب خۆ من مناڵ نیم، تۆ بیرکەوە لەم زووانە هیچ میوانێکتان نەهاتووە؟

ژن و پیاوێک بن، ئافرەتێکی بەژن مام ناوەندو باڵا پۆش و ئەسمەر بێت، لەگەڵ پیاوێکی زەعیفی باڵا بەرز؟ ئەوان لەم شێوەیە بوون...

کەمێک وەستاو بیری کردەوە گووتی:

بەڵێ ڕاستەکەی، چەند ڕۆژ پێش ئێستا شەوێک ژن و پیاوێک هاتن، دایکم گووتی: بۆ پرسیار کردن هاتبوون لە ناسیاوێکمان، دیارە خوازبێنی کچەکەیان کردبوون، گووتیان مەسەلەکە ئەوە بوو.

تێناگەم دایکم و باوکم چۆن مەوزوعێکی ئاوا لە من ئەشارنەوە ؟

گووتم: خاتوو زەینەب هۆکارەکەت پێ بڵێم؟

گووتی: تۆ چوزانی هۆکارەکە چییە؟

گووتم: چاک ئەزانم...

گووتی: دەفەرموو پێم بڵێ...

گووتم: خاتوون، من دوای ئەم سێ ڕۆژە زۆر توڕە بووم و گووتم چۆنەبێ هیچ وەڵامێکیان نەبێ!

کاکە هەر نەبێ بڵێن کچەکەمان شوو ناکات و ئیتر بڕایەوە.

بۆیە خۆم بۆ نەگیراو چوومە شوێنی کارکردنی باوکت، پێم گووت:

من داودم ناردبوومە خوازبێنی کچەکەتان بۆچی جوابتان نەبوو؟ بۆچی هیچ حیسابێکتان بۆ ئێمە نەکرد؟

ئەزانی چی وەڵامدامەوە؟!

گووتی: ئێوە بێ خاوەنن، کەس نازانێ چۆن گەورە کراون، کچ نادەم بە کەسانێکی بێ خاوەن...

بەڵام خاتوو زەینەب، خۆشت ئەزانی کەس بێ خاوەن نییە و،

پەروەردگار پشت و پەناو خاوەنی ئێمەیە...

ئیتر بە دڵ تەنگیەوە گووتی: ڕاستەکەن کاک داود، من لەجیاتی باوکیشم داوای لێبوردنەکەم...

بەس دڵنیابن ئەویش هۆکاری خۆی هەبووە، ڕەنگە کەسێک قسەیەک شتێکی وای لەلا کردبێ، گەرنا باوکیشم کەسێکی تێگەیشتووە شتی وا ناکات.

منیش گووتم: بەهەر حاڵ، ئیتر هەر ویستم ڕاستییەکە بزانم، چونکە گومانم لەلا دروست ببوو، پێم وابوو کە تۆیان ئاگادار نەکردۆتەوە...

گومانەکەشم ڕاست دەرچوو، هەرچی بێ نابێ بابەتێکی وا کە پەیوەندی بە داهاتووی تۆوە هەیە، لێتی بشارنەوە...

دەی من ئەڕۆم، خوات لەگەڵ خاتوو زەینەب.

گووتی: خوات لەگەڵ.

هەستام لەسەر مێزەکەو، بە دڵ گرانی ڕۆیشتم و، ئیترسپاردەی خودام کردن.

مامە داودم پیاوێکی سپی پێستی سیسەکە بوو، باڵا بەرزو کەشخە بوو، زۆر کچ ئارەزووی زەماوەندیان لەگەڵی دەکرد.

بەڵام، ئەوەی ئەو دەیویست جیاواز بوو، نەیئەتوانی لەبیری

بکات، هەر زەینەبی لە خەیاڵ دابوو، چونکە زەینەب کچێکی بەڕەوشت و بەڕێز بوو، لە کارەکەیدا سەرکەوتوو بوو، لەکاتی خۆی ئەهات و لەکاتی خۆی ئەڕۆیشتەوە، تێکەڵی زۆر کەس نە ئەبوو، تەنها یەک هاوڕێی هەبوو ئەویش موژدە بوو.

مامە داودم زۆر خۆشدەویست، پیاوێکی زۆر باش بوو. هەروەها ئەویش ئێمەی زۆر خۆشدەویست. هەمیشە دیاری بۆ یوسف و ئیبراهیم ئەکڕی و بۆی ئەهێنان، یاخود لەگەڵ خۆی ئەبردن بۆ پیاسەو گەڕان و، شاری یاری و ئەو شوێنانە، هەندێک جاریش منی ئەبرد.

مامە داودم بۆی گێڕامەوە گووتی:

ڕۆژێکیان لە دەوام لەسەر کورسی دانیشتبووم و چایەکم لە دەست بوو، لە پڕ کەسێک لە پشت ڕا هات و، گووتی:

ئیزن هەیە؟

ئاوڕم دایەوە، بینیم زەینەب بوو، گووتم: فەرموو زەینەب خان.

ئیتر دانیشت و گووتی: بە پێویستم زانی هەندێک قسەتان بۆ بکەم.

ڕاستیەکەی دوای قسەکانی ئێوە، لە بابەتەکەم کۆڵیەوەو بە دایک و باوکمم ووت: کە شتێکی وا هەیە، ئەوانیش گووتیان:

بەڵێ کچم لە پێناو تۆ ئەم شتەمان شاردەوە، ووتمان با خۆی بەم شتە سەرقاڵ نەکات.

باوکم گووتی: کچم ئەوان بە عائیلەن، ئەو کوڕە تەنها برایەکی هەیە، لەگەڵ عائیلەی ئێمە ناگونجێن.

هەر ئەوەنەش نییە لەتۆمان شاردەوە، تا ناخۆشی لە نێوانمان دروست نەبێ، نەم دەویست بە هەڵە لە من تێبگەی.

بۆیە داوام لە دایکت کرد پێت نەڵێ، تا ئەوکاتەی لەم ماڵە دەکۆڵمەوە و، بزانم کێنە و لە کوێ هاتوون، بەڵام ئەو هاتبووە شوێنی دەوام و، پرسیاری لە ئێوە کردبوو...

ئیتر کەسێکیش بە خراپە باسی تۆی لە لای باوکم کردبوو، بۆیە باوکم بەم بیانووە تۆی ڕەوان کردبۆوە، هیچی باس نەکرد، گووتی: دەمزانی خێر لەم کارەدا نییە و، ناخۆشی زیاتری لەدوا دێت، گەر لەدوای بچین. بۆیە هەر لە زووەوە بڕاندمەوە...

منیش گووتم: بەڵام دەبوایە شتەکە ڕوون بێتەوە دەبوایە ئەم کەسە لەگەڵ من ڕوو بەڕوو بکەنەوە.

کاک داود، تکایە لە ئێستاوە بەردێک لەسەر ئەم بابەتە دابنێین...

منیش گووتم: باشە.

هیچی ترم نەگووت و ڕۆیشتم، هەر بیرم لێ دەکردەوە، دەمووت: ئاخۆ کێ ئەوەنە ڕقی لێمە و بە خراپە باسم ئەکات؟!

زۆر پرسیار لە ناو مێشکم دروست بوون...

دەمووت: ئاخۆ لەبەرچی زەینەب پێی نەگووتم کەسەکە کێ بوو!

بۆچی گووتی: بەردێک لەسەر ئەم مەسەلەیە دانێم؟!

دڵنیام شتێک لەمەیان هەیە...

نەم ئەزانی چی بکەم و لەکێ بپرسم.

بەڵام دواتر لەبەر خاتری زەینەب بڕیارمدا بێدەنگ بم و، پرسیارەکان لە ناخم بنێژم. گووتم: مادەم ئەو وای پێ باش بووە با ئاوا بێت.

هەر بۆیە وازم هێناو چیتر بەدوای بابەتەکەدا نەچووم گوتم گەر خودا بیەوێت و خێری پێوەبێت ڕۆژێک ڕاستیەکان دەر ئەکەون. ئەوەندە بەسە بۆ من، کە خودا ئاگادارەو هەموو ڕاستیەک دەزانێ!

مامە داودم ئازارەکەی لەناخەوە شاردەوەو ژیانی ئاسایی خۆی بەڕێ ئەکرد. ئەوەنەی لە توانای دابا یارمەتی ئێمەشی ئەدا.

منیش قۆناغەکانی خوێندم بەسەرکەوتووی تەواوکردن، لە کۆتا مەرحەلەی خوێندنی ئامادەی بووم، پۆلی دوانزەی وێژەی بووم.

هەر لەو قوتابخانەیە بووم کە من و شەوبۆ تێدا دەستمان بە خوێندن کرد، هەموو ڕۆژێک یادگاریەکانم ئەهاتنە بەر چاو بۆ ساتێکیش شەوبۆم لەیاد نەکردبوو.

بەیانیەک هەڵسام و خۆم گۆڕی و چوومە دەرەوە، لەپڕ تاکە پێڵاوێک کەوت بەسەرما، بینیم باوکی هیوای دراوسێمان پەلاماری هیوا ئەدات و هێرشی ئەکردە سەر، بەڵام لەجیاتی ئەوەی پێڵاوەکە بەرهیوا کەوێ بەر سەری من کەوت.

باوکی هات و داوای لێبوردنی کرد لێم.

گوتم: کێشە نییە مامە گیان، شتی وا هەر دەبێ.

ئیتر گووتی ئەم کوڕە لاسارەی من ئەوە سێیەمساڵیەتی، نە دیارە دەرچێت نە دیارە تیا بچێت!

بەس مەسروف بە من ئەکاو یەک ئیشیش ناکات...

گوتم گوێی مەیەرێ مامە گیان، ڕۆژێک هەر دادێ ئاقڵ بێ.

ڕێگای خۆم گرت و ڕۆیشتم، گوێم لێبوو کەسێک لەدوامە و، هەر ئەڵێ ئارەزوو ئارەزوو، ئاوڕم دایەوە، دیتم هیوا بوو.

گوتم تۆ شەرم ناتگرێ ئاوا لەناو کۆڵان بانگم ئەکەی!؟

بەس ئەگەر دراوسێمان نە ئەبووی...

گووتی تخوا بمبورە بۆ ئەمڕۆ ڕوویدا، گووتم داوای لێبوردن لەمن مەکە، شەرم لەخۆت بکەوە!

باوکێکی ئاوا ماندوو خۆی بەدەس کارو کاسبیەوە هیلاکە، کەچی تۆش باڵات لەهی ئەو بەرز ترە، عەیب نییە بەتۆشەوە هیلاک بێ؟! بۆ ناخوێنی؟! لەچیت کەمە؟!

گووتی: کێشەم ئەوەیە نازانم چۆن بخوێنم، بەخوا لە مەکتەبێکام هەمووی بە واستەو واستەکاری دەرئەچن، لە داخی ئەوەیا دەرسیشم بۆ ناکرێ...

جا گوتم تۆ حەقت بەسەر ئەوان دا چییە؟!

گووتی: تۆ بەس پێمبڵێ چۆن دەرئەچیت؟!

چۆن ئەخوێنیت ئاوا زیرەکیت؟! ماشاء الله.

گووتم: تۆش ئەتوانی زیرەک بیت، بەباشی وانەکانت بخوێنە، قەڵەم و دەفتەر بەدەست بگرە و، بڕۆشوێنێکی ئارام، هەرچی گرنگە بینوسەوە و، لەبەریکە. ئەرکی ڕۆژانەت جێبەجێ بکە، ئەگەر هەموو شتێک لەکاتی خۆیدا بکەیت هیچ دوا ناکەویت و، هەر شتێکیشت لا زەحمەت بوو، داوا لە خودا بکە بۆت ئاسان بکات.

ووتی: زۆر چاکە، زۆر سوپاس بۆ ئامۆژگاریەکانت ئارەزوو.

ڕۆیشت منیش ڕۆیشتمە قوتابخانە، کە گەڕامەوە ماڵەوە، چووم نانم خواردو پاش کارەکانم ئەم ڕووداوەم بۆ دایکم گێڕایەوە، گووتم: دایکە باش بوو سەرم نەشکا! بەخوا پێڵاوەکە زۆر ڕەق بوو.

دایکم گوتی بەخوا ئەم پیاوە ناحەقی نییە، زۆر هیلاکە بەدەس منالەکانیەوە، خودا کاریان بۆ ئاسان بکات.

ئەم ئافرەتەشی ڕۆژ تا ئێوارە لەبەر دەرگایە، بەزەیی بەم مێردەی نایەتەوە، بەس لەدوای قسەی ئەم و ئەوە! زۆر سەیرە.

گوتم دایکی هیوا ئەڵێی؟!

گوتی بەڵێ کچم، ئێ تۆ کات بۆ منالْ تەرخان نەکەی و، فێری ژیانیان نەکەی، هەر ئاوایان لێ دەرئەچێت، بەداخەوە...

منیش گوتم وایە دایکە گیان، بەڕاستی بەداخەوە، خودا هیدایەتیان بدات.

شەوێک لەگەڵ مامم چووینە دەرەوە بۆ پیاسە و هەوا گۆڕین.

مامم گووتی: ئەزانی ئارەزوو گیان نزیکترین هاوڕێم لە پشتەوە لێمیدا؟!

گووتم: چۆن مامە گیان! چۆن شتی وا ئەبێ؟ هاوڕێکان چۆن

شتی وا بەرامبەر یەکتری ئەکەن؟!

ووتی: بێگومان ئارەزوو گیان شتی زۆر خراپتریش ئەکەن بۆ بەرژەوەندی خۆیان، هەندێ کەس ئاوان خۆ پەرست و خیانەتکارن.

ئیتر داومەتە دەست خودا، گوتم مامە باسی کامە هاوڕێت ئەکەی؟

گوتی باسی زیاد ئەکەم، ئەوەی لە دەوام لەگەڵم بوو، ئەوەی زۆر بڕوام پێی هەبوو نزیکترین هاوڕێم بوو!

لەلای باوکی زەینەب بە خراپ باسی منی کردبوو، ئەوکاتەی کە ناردبوومە خوازبێنی زەینەب بۆ ئەوەی کچەکەم پێ نەدەن!

چونکە خۆی بە تەمای لە زەینەب بوو، منیش نەمزانی بوو...

بێگومان باوکی زەینەبیش بڕوای کردبوو، چونکە گوتبوویان نزیکترین هاوڕێمە.

ئەوە دوێنێ لەگەڵ زەینەب هاوسەرگیریان کرد، بۆیە زانیم!

ئیتر بەڕاستی زۆر بێ تاقەت بووم، ناتوانم چیتر بڕۆمە دەوامیش، واز دەهێنم!

زۆرم پێگووت: مامە گیان وامەکە، خۆڕاگر بە، بێ سوود بوو، ئەو بڕیاری کۆتایی خۆی دابوو.

مامم بەم ڕووداوە زۆر تێکچوو بوو، چوونکە زۆر کاری لێکرد بوو. ناحەقیش نەبوو، چونکە لە لایەن نزیکترین و خۆشەویسترین هاوڕێ خیانەتی لێکرابوو!

لە پێناو کچێک بوختانی بۆ هەڵبەستبوو، لە لای باوکی زەینەب! زۆر بەداخەوە...

مامە داودم گووتی: بۆم ڕوون بۆوە زەینەب بۆچی نەیدەویست بزانم کەسەکە کێیە، تاوەک و زیاتر ئازار نەچێژم... نەیدەویست بزانم نزیکترین هاوڕێم کە بە خەیاڵیشمدا نەدەهات، بەخراپە باسم بکات!

بەڵام ئیتر کردی...

مامم دوای زانینی ئەم شتە، بڕیاریداو گووتی: نامەوێ چیتر دەموچاوی زیاد ببینمەوە، تەنها لەپێناو خوداش گەردەنی ئازادبێ...

بەڵام ئیتر هاوڕێیەتی کردنی کەسێک لە پشتەوە لێت بدات، زۆر زەحمەتە بۆ من، بۆیە نەیبینمەوە باشترە، ئیتر منیش بە وازهێنانم و دوورکەوتنەوەم لێی، سزای ئەدەم!

بێدەنگی و ئیهمالکردن، باشترین وەڵامی من ئەبێت بۆ ئەو، مامم هەر ئەوساتە پێی وابوو، دەبێ دوور بکەوێتەوەو سەفەر

بکات بۆ دەرەوەی وولات، چوونکە ئاوا باشتر ئەبوو بۆی.

من زۆر حەزم بە کتێب خوێندنەوە دەکرد، سەرەڕای وانەکانیشم، شەوانە نیو سەعاتێک کتێبم ئەخوێندەوە.

شەوێکیان لەحەوشە دانیشتبووم، کەش و هەوا زۆر خۆش بوو، مانگە شەو بوو. منیش دەسم کرد بە کتێب خوێندنەوە، لەپڕ یەکێک لەدەرگای دا، گووتم کێیە؟

گووتی: ئارەزوو گیان منم.

زانیم کە دەنگی مامم بوو، چووم دەرگام کردەوە و، هاتە ژورەوە.

گووتی: کچم ئارەزوو ئەوە چیەکەی لەدەرەوە؟

گووتم: مامە گیان کتێب ئەخوێنمەوە بەهاوڕێیەتی مانگ، سەیرکە چەند جوان و ڕووناکە!

گووتی: وایە ئارەزوو گیان، خۆشت هەر ئەڵێی مانگی نازدارەکەم...

گووتم: سوپاس مامە گیان.

مامە داودم لێی پرسیم، گووتی:

ئارەزوو گیان کە خوێندنت تەواو کرد بەنیازی ببیت بەچی؟

ئامانجت چییە بۆ داهاتوو؟

گوتم گەر خودا تەمەنی دام، منیش ئەمەوێ ببمە مامۆستای قورئان ووتنەوە، (وەکوو دایکم).

شەهادەو شت بەلامەوە گرنگ نییە، گووتی:

کچم شەهادەیەکت هەبێ هەر بۆخۆت باشە، گووتم: ڕاستە مامە، ئەوەشیان باشە.

گووتی: ئامانجی ترت هەیە؟

گووتم: مامە گیان بیرۆکەیەکم هەیە ئەمەوێ کتێبخانەیەکی خنجیلانەم هەبێ، دوور بێت لە ژاوە ژاوی شار، شوێنێکی ئارام بێ، باخچەیەکی لەپێشەوە بێت، خەڵکی بێن و بە مێشکێکی ئارام لەوێ کتێب بخوێننەوە.

گووتی: باشە ئارەزوو گیان، بیرۆکەکانت ناوازەن کە کاتی خۆی هات یارمەتیت ئەدەم.

ووتم: سوپاس مامە گیان.

مامم زۆر بێزار دیار بوو، گوتم مامە بێتاقەت دیاری!؟

گوتی زۆر بێزارم ئەمەوێ بڕۆم جەوێک بگۆڕم. گووتم: بۆ کوێ مامە؟

گوتی هاتوم لەگەڵ باوکت قسە بکەم، با بچینە ژوورەوە باسی ئەکەم.

چووینە ژوورەوە، سڵاوی لەباوکم و دایکم کردو دانیشت. دوای هەواڵ پرسین، گووتی:

براکەم ئەحمەد ماوەیەکی زۆرە، هەندێک پارەم پاشەکەوت کردووە بۆ خۆم، ئەمەوێ ماوەیەک بڕۆمە دەرەوە.

باوکم گووتی: ئەتەوێ براکەت بە تەنها جێبێڵی؟

گووتی: براکەم بە یەکجاری ناڕۆم، تەنها سەفەرێکەو ئەگەڕێمە.

باوکیشم گووتی: باشە بەدڵی خۆت بکە.

داود، چۆنی بە باش ئەزانی وابکە، مادەم حەز ئەکەیت سەفەر بکەیت، ڕێگریت لێ ناکەم.

ئیتر ئەوەبوو، دوای دوو ڕۆژ پێش سەفەرەکە چوو سەیارەکەشی فرۆشت و، هەندێک پێداویستیشی ئامادە کرد. لەگەڵ جانتا گەورەکەی تایبەت بە سەفەر.

شەوێک پێش ڕۆیشتنەکە لەماڵی ئێمە بوو، تا درەنگ، بۆ خودا حافیزی هاتبوو، زۆر دڵمان پێ تەنگ بوو بەو ڕۆیشتنەی

بە تەمابوو، بەڵام نەشمان ئەتوانی پێی بڵێین مەڕۆ، چونکە بڕیاری خۆی دابوو. دیار نەبوو کە چەند ئەمێنێتەوە، گووتی:

خەمتان نەبێ هەرکات حەزم کرد ئەگەڕێمەوە، تکایە بە باشی ئاگاداری خۆتان بن...

ئێمەش دوعای خێرمان بۆ کردو بەڕێمان کرد. ئیتر من و یوسف و ئیبراهیمی توند لەباوەش گرت و، گووتی:

ئاگاداری خۆتان بن و وانەکانتان بەباشی بخوێنن...

ئێمەش بەچاوی پڕ فرمێسکەوە گووتمان: بەسەر چاو مامە گیان. ئێمە تەنها ئەومان هەبوو لەم شارە، زۆر بە ڕۆیشتنی دڵگران بووین.

مامم بە باوکمی گووت:

کلیلەکانیماڵەوە ئەدەم بە مام سەعیدی جیرانمان، دوایی لە ئەو وەری گرەوە، گووتی باشە داود گیان خەمت نەبێت.

بڕیار بوو مامە داودم سەعات ٧ی بەیانی بەڕێ بکەوێت.

ئێمەش کاتژمێر ٧و نیو بوو، نانی بەیانیمان ئەخوارد!

لەو کاتەیا باوکم تەلەفۆنێکی بۆ هات، گووتیان:

دەبوایە ئێستا براکەت لێرەبا، چوونکە فڕۆکەکە بەڕێدەکەوێت و براکەت لەسەفەرەکەی جێدەمێنێت.

باوکم گوتی ڕەنگە لەخەو مابێ، هەر ئێستا پەیوەندی پێوە دەکەم، گووتیان:

زۆرمان پەیوەندی پێوەکرد، بەڵام داخرابوو. ڕەقەمی تۆمان لە هاوڕێیەکی وەرگرت، باوکیشم کەمێک تاسا!

گوتی باشە هەر ئێستا خۆم ئەڕۆمە لای، بزانم چ باسە.

ئێمەش گووتمان باوکە با ئێمەش بێین، گووتی: نا پێویست ناکات، ئێوەی بۆچییە. ئەڕۆم خەبەری ئەکەمەوەو تەواو.

ئیتر ئەوەبوو باوکم چوو بۆ ماڵی مامە داود، باوکم گووتی: کاتێک چووم زۆر لەدەرگامدا دەنگی نەبوو، مام سەعیدیش هاتە دەرەوە لە ماڵ، گووتم: مام سەعید داودی برامت نەبینیوە؟ کلیلو شتی وای داوە بەتۆ؟ گووتی: نا کوڕم، ئەمڕۆ هەر نەم بینیوە، تەنها دوێنێ بینیم.

گووتی: گەردەنم ئازادکە.

منیش سەرم سوڕما...

دەرگا لە ژوورەوە شیش بوو، ناچار خۆم لەسەر دیوار هەڵدایە ژوورەوە، کە چووم دەرگاکەی تر کراوە بوو، چوومە ژوورەوە و،

هەر هاوارم دەکرد دەمووت: داود، داود، وەڵام نەبوو!

چوومە ژووری خەوتنەکەی، بینیم لە ژێر پێخەفەکەی چاوەکانی داخرا بوون، وامزانی خەوتووە هەر بانگم ئەکرد، شەقم لێی ئەدا، دەنگی نەبوو. دواتر لێفەکەیم هەڵداوە، بینیم لەناو خوێنەگەوزاوە، ئیتر پێش چاوەکانم ڕەش هەڵگەران و زەختم دابەزی و، کەوتمە سەر عەرز، پاش کەمێک بە هۆش خۆم هاتمەوە و، هەڵسامەوە.

ئەوەنە گووتم: براکەم، براکەم، هەستە...

لە باوەشم گرت، جەستەیەکی ساردو سڕی بێ گیان بوو!

دواتر هاوارم کرد: مام سەعید، مام سەعید. چووم دەرگام کردەوە مام سەعید هاتە ژوورێ و، گووتی:

چیبووە ئەحمەدی برام؟ ئەوە بۆ جەستەت هەموو خوێنە!؟

ئاماژەم بۆ ژوورەوە کرد، چووە ژوورەوەو ئەویش بینی. زۆر بۆی گریا و، گووتی: براکەم ئەوە کاری کێیە؟ گووتم نازانم چ نامەردێکە دەستی چووەتە خوێنی...

ئیتر پەیوەندیمان بە پۆلیس و نەخۆشخانەوە کرد و، هاتن تەرمی برا جوانەکەمیان برد، منیش هەر لە شۆک دابووم، هەر لەبەر خۆم دەمگووتەوە: ئەو دەڕۆیشت بۆ سەفەر، ئەو بەنیاز

بوو بڕواتە دەرەوە، وەکوو شێتم لێ هاتبوو...

هەر دەمگووت: خودایە ئارامیم پێ ببەخشە، عەقڵم سەلامەتکە.جەنابی لێکۆڵەر هات و، گووتی:

بمان بەخشن، چونکە ئێوە لەسەر ڕووداوەکە بوون لەگەڵ ئەم مامەیە، ناچارین ووتەتان لێوەرگرین. من و مام سەعیدیش چیمان بینی و، چۆن بوو، گێڕامانەوە...

گووتیان: بەتەنها سەفەری ئەکرد؟

گوتم نا هاوڕێیەکیشی لەگەڵ بوو، بڕیار بوو پێکەوە بڕۆن.

ڕەقەم و زانیاری ئەو هاوڕێیەمان پێدا، دیاربوو کەوا ئەو سەر فڕۆکە کەوتبوو، ڕۆیشتبوو.

ئیتر ئێمەیان ڕەوانەیماڵەوە کرد و، گووتیان:

هەر زانیاریەک هەبێ ئاگادارتان ئەکەینەوە، بێ خەمبن... گومانتان لەکێ کرد پێمان بڵێن. ئێمەش گووتمان: باشە.

ئەژنۆم شکاو توانای ڕۆیشتنم نەبوو، زۆر بەبێ ویژدانی سینگی براکەمیان دابووە بەر چەقۆ، تا گیانی سپاردبوو...

پاش نیوەڕۆ بوو، ئێمەش هەر بێ خەبەر بووین، دایکی هیوا کە ڕۆژ تا ئێوارە لە کۆڵان بوو، هەواڵەکان زوو دەگەیشتنە لای.

هەواڵەکە بڵاوببویەوە، دایکی هیواش خۆی کرد بە ماڵمان و بانگی دایکمی کرد: کچێ مەریەم مەریەم، تۆ لەکوێ خەوتووی؟!

دایکم خەریکی دەرس گوتنەوەبوو بە قوتابییەکانی، هاتە خوارەوە و، گووتی:

هێواش هێواش هاجەر، ئەو هات و هاوارە چییە!

نازانێ کۆمەڵێ قوتابیم هەیە دەنگت نزم بکەوە، گووتی: کچێ تۆ وەرە خوارەوە قیامەت هەڵساوە، کچێ شووبراکەتیان داوەتە بەر چەقۆ...

هەر لەگەڵ بیستنی ئەم هەواڵە جەرگ بڕە، دایکم هۆشی لەخۆی نەماو، لەسەر قادرمەکان کەوتە خوارەوە، نەم ئەزانی بیر لە دایکم بکەمەوە یان لە مامم!

ڕەق وەستا بووم، تووشی شۆک هاتم، دواتر پوورە هاجەر پێی گوتم بۆ ڕەق بووی کچێ؟

وەرە یارمەتیم بدە نابینی دایکت لەهۆش خۆی چووە؟

منیش لەتاو ئازاری خۆم هێرشم کردە سەر پوورە هاجەرو، گووتم: بەهۆی تۆوەیە، خۆشت دەزانی چ قسەیەکت کرد، هەواڵ هێنان بەم شێوەیە دەبێت؟ سەیرکە دایکم بەهۆی تۆوە

بوراوەتەوە.

گووتی: من چووزانم دایکت بەرگە ناگرێت، ئیتر منیش ئاوا لەدەوم دەرچوو، ئێستا کەی کاتی ئەو قسانەیە، وازبێنە!

با دایکت ببەین بۆ نەخۆشخانە، هەر چەند بانگی دایکم کرد و، ئاومان بە دەم و چاوی داکرد، سوودی نەبوو. ناچار بردمانە نزیکترین نەخۆشخانە و، ئاویان خستە سەرو دەستیان کرد بە پشکنینی، ووتیان: بۆچی بوراوەتەوە؟ چ نەخۆشیەکی هەیە؟

گووتم: هیچ نەخۆشی نییە، تەنها هەواڵێکی کت و پڕمان پێ گەیشت، لەبەر ئەوە بوراوەتەوە.

دکتۆر گووتی: کەواتە یان زەخت، یان نەخۆشی دڵی هەیە، بۆیە بەرگەی هەواڵەکەی نەگرتووە.

دەستیان کرد بە پشکینین بۆ دایکم، نەم ئەزانی چیبکەم، تەنها پوورە هاجەرم لابوو، لە تەلەفۆنی نەخۆشخانەوە پەیوەندیم بە خاڵە ئومێدەوە کرد و، ئاگادارم کردەوە. بۆیە باش بوو ئەوان هاتنە لامان، نەم ئەتوانی بەتەنها بەرگە بگرم.

ئەوەبوو پشکنینەکان دەرچوون. دکتۆر بانگی کردین گووتی:

مەشڵەژێن، نەخۆشیەکەی لە سەرەتادایە، باش بوو زوو ئاگادار بووینەوە. بەداخەوە دایکتان نەخۆشی دڵی هەیە، بۆیە بەرگەی

خەم و ناحۆشی زۆر ناگرێت. هەواڵی کت و پڕ بۆ ئەو ترسناکە، بەتایبەتی هەواڵی مردن.

گوتم: بەڵێ دکتۆر، هەر ئەمڕۆ هەواڵی مردنی مامە داودمان بۆ هات، بە ڕووداوێکی دڵ تەزێن.

گووتی: کەواتە ئەمە هۆکار بووە بۆ بوورانەوەی دایکتان و دابەزینی فشاری خوێنی، چارەسەرەکان وەربگرن و لەکاتی خۆی دەرمانەکانی پێبدەن، و ئەوکاتەی ئاوەکەی تەواو بوو، بڕۆنەوە. تا شەو لە نەخۆشخانەماینەوە، کاتژمێر ١٠ی شەو بوو گەڕاینەوە ماڵێ.

دوای تەواو بوونی پشکنینی دادوەری بۆ لاشەی مامم، چووین هێنامانەوە، و لە مزگەوت شووشتیان و نوێژیان لەسەر کرد و، ناشتیان.

مەرگی مامم هەموومانی تاساند، کۆڵانەکەمانی هەموو تاساندبوو، پرسیاری زۆری لە مێشکی هەمووومان جێ هێشتبوو. وەک: کێ کوشتی؟ بۆچی کوشتی؟ چۆن کوشتی؟

بێ ئۆقرە بووین بۆ زانینی ئەمانە، دوای ساڵێک لێکۆڵینەوەی وورد لە دۆسیەی مامم، تاوانبار ئاشکرابوو، و دانی بە تاوانەکانی دانا لە دادگا. لێدوانەکانی تاوانباری کوشتنی مامم بەم شێوەیە بوو:

من ئەرکان ئیسماعیل، هاوڕێی نزیکی خوا لێخۆشبوو داود حەسەن، دان بە تاوانەکانم دادەنێم.

ڕۆژێکیان لەگەڵ داود دانیشتین، بۆخۆمان هەندێک دەردە دڵمان کرد. داود پێی گووتم: دەمەوێ سەفەر بکە م بۆ ماوەیەک بڕۆمە دەرەوە.

منیش گووتم: چۆن سەفەرێک براکەم؟!

بەقاچاغ ئەڕۆی؟

گووتی: نەخێر هاوڕێکەم. هەندێک پارەم کۆکردۆتەوە و ئۆتۆمبێلەکەشم ئەفرۆشم و، ئەڕۆم بۆ ئەڵمانیا.

ئەمەوێ بۆخۆم پشوویەک بە ڕۆح و مێشکم بدەم، لێرە زۆر بێزارم...

منیش گووتم: بەتەنهای؟

گوتی بەڵێ هەر خۆمم.

گووتم: دە زۆر چاکە، بەخوا داودی برام، منیش زۆر بێزارم، کەواتە منیش لەگەڵ تۆدا دێم.

داودیش گووتی: ئاخر برام پارەی زۆری دەوێت، هەروا ئاسان نییە!

گووتم: کێشە نییە باوکم زەویەکی هەیە، گووتی: هەرکات ویستت بۆت ئەفرۆشم و ژنت بۆ پێ ئەهێنم.

منیش ئەڵێم بابە، ئەمەوێ بڕۆمە دەرەوە کار بکەم، کە گەڕامەوە ئەوکات ژن ئەهێنم.

داودیش گووتی: زۆر چاکە، کەواتە لە سەفەرەکەم بە تەنها نیم، زۆر دڵ خۆشم.

ئیتر ئەوەبوو منیش چوومە لای باوکم و، داوام لێکرد زەویەکەم بۆ بفرۆشێت، چوونکە ئەڕۆمە دەرەوە لەگەڵ هاوڕێیەکم. کە ئەمەیان بیست سەریان سوڕماو، گووتیان:

دەرەوەی چی؟! باسی ئەو شتە مەکە، شتی وا نابێت.

چ کارت هەیە لە دەرەوەی وولات؟ ئەم زەویەم بۆ کاتی تەنگانە داناوە، کە پێویستمان پێی بوو، ئەیفرۆشین.

منیش گووتم: ئێ ئەوە پێویستە، ئەڕۆم کار ئەکەم لە دەرەوە، بۆ ماوەیەک لەوێ ئەبم و ئەگەڕێمەو...

دایکم و باوکم بەهیچ جۆرێ ڕازی نەبوون، کردم بەشەڕ لەگەڵیان، ئیتر باوکم لە ماڵ دەری کردم و، گووتی:

بڕۆ تا ئاقڵ نەبی، نەگەڕێیتەوە ئەم ماڵە.

منیش سەفەری خاریج لە مێشکمی دابوو، بیرۆکەیەکی

شەیتانی هاتە ناو مێشکم و بڕیارمدا شەوێک پێش بڕۆین، بچم هاوڕێکەم بکوژم و، پارەکانی هەڵگرم و بڕۆمە دەرەوە. ئەوەتا ئیتر وام کرد، شەوێک پێش ڕۆیشتن چوومەماڵی داودی هاوڕێم، نیوە شەو بوو، بەشەری خوا لەدەرەوە نەبوو، دنیا کش و مات بوو!

بەهەر جۆرێک بێ، خۆم گەیاندە ژوورەکەی و سەیرم کرد خەوتووە، ئیتر لەناو خەودا بە چەقۆ کوشتم و کۆتاییم بە ژیانی هێنا.

ئەوەتا ئەمەش هاوڕێ!

مامم بۆ دووەم جار هەڵەکەی دووبارە کردەوە و، متمانەی بە هاوڕێکەی کرد، بەمەرگی خۆی باجەکەیدا!

ئیتر من قۆناغی خوێندنم تەواو کرد و، بە نمرەیەکی باش دەرچووم، (سوپاس بۆ خوا).

فۆرمم پڕ کردبوویەوە، چاوەڕێی ناو گەڕانەوە بووم، ئیتر ڕۆژەکە هات و، ناوەکان گەڕانەوە. منیش چووم سەیری هی خۆمم کرد.

لە بەشی زمان وەرگیرابووم، چوار ساڵی زانکۆ چاوەڕێم بوو..

سەرەتای دەوام دەستی پێکرد، چووم بۆ زانکۆ و، لەوێ چەندین هاوڕێی نوێم ناسین.

ڕۆژێک لەپڕ چاوم بە هیوای جیرانمان کەوت!

سڵاوم لێکرد و، گووتم: تۆ چی ئەکەی لێرە؟

گووتی: منیش لێرە وەرگیراوم، لە بەشی زانستە شەرعییەکان.

گووتم: پیرۆزە، لەکۆتایدا سەرکەوتوو بووی.

گووتی: بەڵێ، (سوپاس بۆ خوا)، لەو ساتەوەی ئامۆژگاریت کردم، دەستم پێکرد. دەستم بە ژیانێکی نوێ کرد...

ووتم ئامۆژگارییەکان زۆر سادە بوون، بەڵام وادیارە بەرهەمێکی باشی هەبووە، کەواتە دووبارە پیرۆزە. ئەویش پیرۆزبای لێکردم و، چووە ڕێگای خۆی.

بەیانیەک لە خەو هەڵسام و، خۆم ئامادە کرد بۆ زانکۆ، چوومە دەرەوە، چاوەڕێی پاس بووم. ئیتر ئەوە بوو کچێکی بچووکم بینی بەپێش من دا ڕۆیشت و، کارتۆنێک کلێنکسی لەدەست بوو، جلێکی شڕو دڕاوی لەبەر بوو، لەدوای ڕۆیشتم و گووتم:

کچی جوان، چی ئەکەیت؟

گووتی: ئەڕۆم کلێنکس ئەفرۆشم.

گووتم: بۆچی؟

گووتی: بۆ پارە پەیا کردن.

گووتم: باشە بۆ کەسی تر نییە کار کات لە جیاتی تۆ؟

گووتی: با براکەشم کار ئەکات، پێڵاو سبوغ ئەکات لەناو بازاڕ.

کەمێک بیرم کردەوە زانیم کە باوکیان نەماوە، بۆیە گووتم: ئەی دایکت؟

گووتی: دایکم نەخۆشەو لەناو جێگا کەوتووە.

گوتم ماڵتان لە کوێیە؟

گووتی: لەسەری کۆڵان.

گووتم: کەواتە لە کۆڵانی ئێمەن؟

گووتی: بەڵێ.

گووتی: دادە تۆ ناوت چییە؟

گووتم: ناوم ئارەزووە.

گووتی: ناوێکی چەند جوانە!

گووتم: تۆ جوانتری ئازیزەکەم.

ئەی تۆ ناوت چییە؟

گووتی: ناوم بەسۆزە.

گووتم: باشە ئێستا من پێویستم بەم کلێنکسانەیە، بەچەند ئەیان فرۆشی؟

گووتی: دانەی هەزار دینارە.

دەدانەی پێبوو، منیش دە هەزارم پێداو کلێنکسەکانم هەموو لێ کڕی و، گووتم:

ئێستا بگەڕێوەماڵەوە و، چاودێری دایکت بکە.

گووتی: باشە.

زۆر دڵ خۆش بوو، منیش دڵم لەو خۆشتربوو، چوونکە مرۆڤی چاکەکار، بە چاکە دڵی خۆش ئەبێت...

چوومە کۆلێژ و کلێنکسەکانم لە دەست شۆرەکانی زانکۆ دانا، تا هەر کەس پێویستی پێی بێ، بەکاری بێنێ.

لە کاتی گەڕانەوەم بۆ ماڵ، پێش ئەوەی بڕۆمە ژوورەوە، ڕاستەوخۆ چوومە سەری کۆڵان و، پرسیارم لە منالەکانی گەڕەک کرد، گووتم: کامە ماڵی بەسۆزە؟

ئیتر نیشانیان دام و چوومە ژورەوە، بەسۆز گیان دەرگای لێم کردەوە، کە چووم بینیم دایکی لەناو جێگا کەوتبوو. سەلامم لێکردوو گووتم: من هاوڕێی بەسۆزم.

ئەویش بەخێرهاتنی کردم. گووتم: پوورە تۆ چیتە؟ بۆ ناچیت بۆ نەخۆشخانە؟

گووتی: هەردوو تەنیشتەکانم ئازاریان هەیە، توانای نەخۆشخانەمان نییە و، دەستکورتیت و هەژارین...

ئیتر ئەوەبوو ڕۆژی دواتر لەزانکۆ ئاگاداریم هەڵواسی بۆ دایکی بەسۆز و، داوای یارمەتیم کرد. سوپاس بۆ خودا چەند کەسێک بەدەم داواکاریەکەم هاتن، یەک لەوانە هیوای دراوسێمان بوو.

بە یارمەتی یەکتر، دایکی بەسۆزمان ناردە نەخۆشخانە و، براکەی بەسۆز و بەسۆزیشمان ناردە قوتابخانە.

زۆر دوعای خێریان بۆ کردین...

ئیتر لەباوکی بەسۆزەوە، پارچە زەویەکیان بۆ مابوویەوە، وەک میرات وەریان گرتبوو، دایکی بەسۆز داوای لێکردم بۆی بفرۆشم.

ناونیشانی زەویەکەی پێدام و، منیش ڕۆژێک لەگەڵ باوکم چووم سەیرم کرد. شوێنەکەم زۆر بەدڵ بوو، ئیتر ئەوەبوو چوومەوە لای دایکی بەسۆز و پێم گووت:

دایکی بەسۆز، بیرۆکەیەکم هەیە، ئەمەوێ ئەو شوێنە بکەم بە

کتێبخانە، بەڵام پارەی تەواوم نییە تا لێتی بکڕم، بەڵام ئەتوانم لە قازانجی کارەکەم، مووچەیەکی مامناوەندت پێ بدەم، تا خۆتی پێ بەڕێوە ببەی، گەر سەبرم لێ بگری و، چاوەڕێ بکەی.

بەم قسەیەی من زۆر دڵ خۆش بوو، گووتی:

کچەکەم پێشکەشت بێ، تۆ ئەوەنە هاوکاری منت کرد، من چۆن ڕازی نابم!

گەر لەبەر داهاتووی منداڵەکانم نەبوایە، هیچ پارەیەکم لــێ وەر نە ئەگرتی.

ئەوەبوو بە پەلە چوومەوە ماڵ و، باوەشم بە دایکمدا کرد و گووتم: دایە گیان خەریکە لە ئامانجەکەمان نزیک ئەبینەوە، هەم کتێبخانە و هەم چێشتخانە و، هەم هۆڵی خوێندنی قورئان. تۆ ڕات چییە؟ دایکم لە خۆشیا هیچی بۆ نەئەوترا، زۆر دڵ خۆش بوو.

ئەوەبوو دوای چەند ساڵێک پرۆژەکەمان تەواو کرد بە هاوکاری یوسف و ئیبراهیمی برام، و لەگەڵ کاک هیوای دراوسێمان، ئەویش زۆر هاوکارم بوو لە کارەکان...

دوای تەواوبوونی زانکۆ، بڕیارم دابوو دەست بەکارەکان بکەین و، بیکەینەوە. پێویستمان بە پارە بوو، بۆیە چاوەڕێی کاتی

گونجاو بووین بۆ دروست کردنی بینایەکە، زێڕەکانی دایکمم فرۆشت، لەگەڵ هەموو پارە کۆکراوەکانی باوکم و براکانم.

شەوێکیان لەدەرەوە دانیشتبووم، بە دڵێی پڕ ئومێدەوە خەیاڵی جوانم ئەکرد بۆ داهاتووم. (دایکم ئەکەم بە بەڕێوەبەری کارەکانم، براکانم وەزیری دەستە ڕاست و دەستە چەپ. باوکیشم ڕاوێژکاری گشتی).

ئینجا لەگەڵ خۆم پێ ئەکەنیم، ئیتر قسەکانی دایکم ئەهاتنەوە یادم، لەگەڵ سەیر کردنی مانگ.

هەروەها مامیشم (بە ڕەحمەت بێ)، زۆر حەزی ئەکرد هاوکاریم بکات، بەڵام قسمەت نەبوو. ئیتر داوام لەخودا کرد موعجیزەیەکم بۆ بنێرێت و، بتوانم دەس بە کارەکانم بکەم و، خزمەتگوزاری پێشکەش بە بینایەکەم بکەم.

قاتی یەکەمی کتێبخانەیە، پێشەکەشی باخچەیەکی خنجیلانەیە، هەروەها قاتی دووەمی چێشتخانەیە، قاتی سێیەمیش هۆڵێکی فراوانی کراوە و ڕووناک بۆ فێرخوازانی قورئان.

سەرەتا وام ئەزانی خەونەکەم هەرگیز نایەتە دی، بەڵام بە بڕوا بەخۆبوونم زۆر ئاسان بوو! لەهەمووی گرنگ تر، خودام لە پشت بوو. ئیتر هەڵسام و چوومە ژوورەوە، گووتم:

با پێش ئەوەی بخەوم بچم دەستی دایک و باوکم ماچ بکەم.

گووتم: دایە، دایە، لەکوێی وا دەنگت نایە؟

چوومە ژوورەکەیان، بینیم دایکم لە سوژدەدا بوو، گووتم:

ئای دایە گیان، تا دوعاو پاڕانەوەکانی تۆ هەبن، هیچ شتێک مەحاڵ نییە. کەمێک چاوەڕێم کرد، دەنگی نەبوو. ئیتر دەستێکم بۆ برد، جەستەی بێ جووڵە بوو!

سەرەتا گووتم بوراوەتەوە، دواتر زانیم دایکم لە سوژدەدا وەفاتی کردبوو، سبحان الله چ مردنێکە! چ خۆش حاڵێکە کە لە سوژدەدا بگەڕێیتەوە لای پەروەردیگار!

زۆر گریام و هاوارم کرد، توونډ لە باوەشم گرت، چاوەکانی بۆ ئەبەد داخران و ئیتر زانیم تەواو، من بێ دایکم.

باوکم و براکانیشم بەسەر سەرمەوە بوون و، لەگەڵم ئەگریان، بەڵام داخی گرانم ئیتر ئەوە کۆتاییەکەی دایکم بوو.

ماوەیەک بەسەر مردنی دایکم تێپەڕی، ئەو گەڕایەوە بۆ لای یەزدان، ئێمەشی نوقمی تەنیایی کرد، دووبارە ئەم ئایەتە پیرۆزەم هاتەوە یاد: (ان الله مع الصابرین)، واتە: خودا لەگەڵ ئارام گراندایە. دووبارە بەخۆمم گووت:

ئارەزوو، ئارام بگرە، ئارام بگرە. بە خۆمم گووت: ئەم ڕووخانە

بەسە، ئەمە ئامانجی دایکم نەبوو!

دوای ئەوە چووم سەیرێکی جلەکانی دایکمم کرد، پاش ماوەیەکی زۆر، چوونکە هەرگیز دڵم نەهاتبوو سەیریشیان بکەم، ئیتر چووم و سەیرم کردن و تێر تێر بۆنم کردن.

پاشان کۆم کردنەوەو خستمە ناو جانتایەکی گەورە، پاشان نامەیەکم دۆزیەوە، بە خێرایی نامەکەم هێناو سەیرم کرد، گووتم: دەبێ ئەمە چیبێ! چی تێدا نووسرابێت!

دواتر بەهێواشی کردمەوە، بە دەست و خەتە جوانەکەی دایکم نوسرابوو: بۆ کچی شیرینم ئارەزوو...

(پێش ئەوەی بڕۆم و، جێتان بێڵم دڵم خەبەری ئەدا، وەک بڵێی شتێک ئەهاتە ناو مێشکم و پێی ئەگووتم زۆرت نەماوە.

هەر بۆیە پێویست بوو ئەم نامەیەت بۆ بنووسم، پێم گوتبووی: گەر منیش نەبم نابێ هیچ دەستێکی ڕەش بگاتە تۆ...

کەواتە تۆ ئەبێ لە کارەکەت بەردەوامبی و کۆڵ نەدەی، دڵنیام خواستەکانی من و ئامانجەکانی خۆشت بەدی دەهێنی، کچەکەم ئارەزوو، براکانت ئامانەتی تۆن. هەروەها ڕێگا بدە باوکت هاوسەرگیری بکات، چوونکە تۆ شوو ئەکەیت و براکانیشت ژن ئەهێنن، لەو کاتەدا باوکت تەنها ئەمێنێتەوە!

بۆیە نابێ ئەو تەنیا بێ، پێویستە ببێتە سێبەری ئافرەتێکی تر و، ئافرەتێک لە ژێر باڵەکانی بحەسێتەوە، بۆیە هەرگیز ڕێگری لێ مەکە و، ئەم قسانە بە براکانیشت بگەینە.

ببورە کە نەمتوانی لەلات بم ئەوکاتانەی سەرکەوتن بەدەست ئەهێنی، نەمتوانی بەردەوام بم لە ناز هەڵ گرتنت، نەمتوانی نەوەکانم لە باوەش بگرم، کچە شیرینەکەم، هاوسەرگیری بکە و، با منالێشت هەبێ. ژیانێکی ئاسوودە بژین ڕۆڵەکانم، سپاردەی خودا بن).

دایکم پێش کۆچ کردنی ئەم نامەیەی بۆ جێ هێشتبووم.

زۆر زۆر گریام، چاوەکانم ووشک بوون لەگەڵ خوێندنەوەی نامەکەدا، فرمێسک وەک باران لەچاوم ئەهاتە خوارێ!

هەرگیز واتان لێ هاتووە نەتوانن نامە تەواو بکەن لەبەر زۆری فرمێسکەکان و لێڵی چاوتان!

من ئەوەم بینی لەگەڵ نامەکەی دایکم، بەسێ جار تا هەموویم خوێندەوە!

هەر فرمێسکەکانم کۆنترۆڵ ئەکرد، فرمێسکەکان هێرشیا ئەهێناوە و، نامەکەم بۆ تەواو نەئەکرا!

ئاخر زۆر قورسە کەتۆ دوا نامە و دوا قسەکانی نزیکترین و ئازیزترین کەسی ژیانت بخوێنیەوە... ئەو کەسەی:

ڕووناکییە...

هێزە...

متمانەیە...

خۆ ڕاگرییە بۆ ژیانت...

قوربانت بم دایە گیانم. ئیتر هەڵسامە سەر پێ و پەیمانم بە خۆم و بە دایکمدا، کە قسەکانی بە جێ بگەینم و، ڕۆحی شاد بکەم لە گۆڕەکەیدا. جلەکانی دایکم کرد بەخێر بۆی و، پاشان نامەکەم بۆ باوکم و براکانیشم خوێندەوە، بۆیە بە باوکمم گووت هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتێک بکە، کە پێویستی پێت هەبێ.

باوکم گووتی: کچم هیچ ئافرەتێک جێگای دایکت ناگرێتەوە، بەڵام بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا ئەچم ڕووخسەت لە دایک و باوکی ئەخوازم، پێویستە ڕێز لە ڕای ئەوانیش بگرم و ئاگاداریان بکەمەوە، منیش گووتم:

باشە باوکە گیان چۆنت پێ باشە ئاوا بکە.

ماڵی باپیریشم ڕازی بوون، گووتیان: مادەم کچەکەمان وای پێ

باش بووە، ئێمە نابینە ڕێگر. گەر بۆ ئێوەش قورس بوو، ئەتوانین نەوەکانمان بهێنینەوە لای خۆمان. باوکیشم گوتبووی: ئەوان یادگاری مەریەمن بۆ من، بۆ چرکەیەکیش لە خۆمیان دوور ناخەمەوە!

ئیتر ئەوە بوو بڕیارماندا باوکم ژن بێنێتەوە، باوکم کەسی نەدەناسی بیری لە کەس نەکردبویەوە، هەر بۆیە شەوێک دانیشتین و گوتم: بابەگیان چی ئەڵێی بۆ دایکی بە سۆز، خاتوو نیعمەت؟

ئەوانیش بێ کەس و بێ لانەن، خانوویەکی داڕماوی خراپیان هەیە، بارودۆخیان نا لەبارە...

پێم باشە ئەو بخوازیت، باوکیشم ڕازی بوو، گووتی: ئەگەر ئێوە ڕاتان لێبێ، من کێشەم نیە.

ئەوەبوو لەسەر شەرعی خواو سوننەتی پێغەمبەر، چوینە خوازبێنی نیعمەت خان بۆ باوکم.

سوپاس بۆ خوا. ماڵی باوکی و ماڵی خەزورانی ماڵی چاک بوون، ئەوانیش بە ئاسانی ڕازی بوون، دوای ئەوەی زانیان ماڵێکی چۆنین، و پرسیاریشیان کردبوو.

منیش لەگەڵ نیعمەت خان زۆر تێکەڵ بووم، وەک هاوڕێ وابووین. ئیتر ئەوەبوو ڕێو ڕەسمێکی بچووکمان بۆ کردن و، باوکم و نیعمەت خان هاوسەر گیریان کرد.

بۆ چەند حەفتەیەک، من براکانم و خوشک و براکەی تریشم لەگەڵ خۆم بردن بۆ ماڵی باپیرەم و، چەند حەفتەیەک لە لادێ ماینەوە. ئەوکات پشووی هاوین بوو، بیرمەکردەوە: ماڵەکەمان زۆر بچووک بوو، ئێمەش بوینە حەوت نەفەر، بۆیە خێزانێکی قەرەباڵغمان لێ دەرچوو بوو.

ئیتر چەند حەفتەیەکمان بەخۆشی لە لادێ بەسەر برد و، دواتر گەڕاینەوە.

ڕۆژلک داوام لە پوورە نیعمەت کرد، کە خانووەکەی ئەوان بفرۆشین، تاکوو پڕۆژەکەمانی پێ تەواوبکەین.

بەمجۆرەش هەموومان سوودمەند ئەبووین لەم کارە خەیرە. بەڵام ئەو سەرەتا ڕازی نەبوو، گووتی: ئەم خانووە هی ئەم یەتیمانەیە، هی بەسۆز و عیسایە.

گووتم: من چاوم لە میراتی ئەوان نییە، من ئەمەوێ بەم میراتە، داهاتووی عیسا و بەسۆزیش ڕووناکتر بێ...

هەستمە کرد ئەو پوورە نیعمەتەی جاران نەمابوو، لەگەڵ هاوسەرگیریەکە زۆر گۆڕا بوو، پێی گووتم:

ئارەزوو خان بەقسەی خۆش زەویەکەت لەدەست دەرهێنام، ئەوجا نۆبەی خانووەکەیە!

ئەتەوێ هەموو شتێک بۆ خۆت ببەی و منداڵەکانی منیش ئاوا بێڵیتەوە. ئێستا ئەزانم هەر لەبەر ئەم خانووە ویستت هاوسەرگیری لەگەڵ باوکت بکەم!

کە ئەم قسانەی ئەکرد، باوەڕم بە گوێیەکانی خۆم نە ئەکرد!

کە ئەم بیست هەموو ئەو چاکانەی بەرامبەرم کردبوو، سڕی بویەوە و، لەجێی ئەوە گومانی خراپی خستبووە مێشکم، زۆر دڵ تەنگ بووم...

ڕاستەوخۆ چوومە دەرەوە، گووتم: تا مێشکم تێک نەچووە، با تۆزێ بڕۆمە بەر دەرگا!

بینیم لەسەری کۆڵان ماڵێک خەریکن کەل و پەل دائەبەزێنن بۆ ناو ماڵەکە، پێم سەیر بوو، خۆم بۆ نەگیرا و، چووم پرسیارم کرد لێیان، گووتم: ئێوە کێن؟

گووتیان: ئێمە کرێ چین، نیعمەت خان بەکرێ داویەتی بە ئێمە. گووتم: باشە، ئیتر ڕۆیشتم.

ماوەیەک پێ چوو، ئەمجارە گووتی: پارەی زەویەکەم دەوێت، ئەگەرنا ئەڕۆم ئەیفرۆشم، چونکە زەویەکە بەناوی ئەوەوە بوو، گووتم: ئێستا پارەم نییە، تکایە وا مەکەن، زۆر پێی هیلاک بووم، بە زێڕەکانی دایکم و پارەی ڕۆژانەی براکانم بینایەکەمان بەرز کردەوە، تۆزێ ڕەحمت هەبێ...

من ئەمەوێ بۆ هەمووومان ئەمە بکەم، هەموومان ئەحەسێینەوە لێی، ئێمە یەک خێزانین، هەر تێنەگەیشت، بۆیە چوومە لای باوکم و، گووتم:

باوکە، کەمێک قسە لەگەڵ ژنەکەت بکە، تێی بگەینە کە من نیازم چییەو چۆنە. ئەوەبوو مێشکی باوکیشمی شووشتبووەوە!

باوکم گووتی: ئێ کچم ڕاستەکا، زەوی خۆیانە پێی بدەوە.

تۆ دوو ڕۆژی تر شوو ئەکەیت و، ئەچیتە سەر ماڵ و حاڵی خۆت، واز لەم بەزمانە بێنە، گووتم:

ئەوە تۆ ئەڵێی چی باوکە؟! باوەڕ ناکەم!

هەر بە ڕاشکاوی بڵێ تۆ زیادی لەماڵەوە و، تەواو. تۆ لەبیرت کردووە ئەمە خەونی دایکیشم بوو؟

گوتی من ئەم شتانە نازانم، ئیتر تاقەتی بۆڵە بۆڵم نەماوە، چی ئەوێ بیدەرێ با لەکۆڵت بێتەوە...

ئەو شەوە زۆر گریام، زۆر لەخودا پاڕامەوە و، گووتم:

خودایە یارمەتیم بدە، بەس تۆم هەیە، لە ئامانجەکەم نزیکم، بەڵام خەریکە ئەم ئافرەتە دەم هێنێتەوە سەرەتا!

چیبکەم؟!

زۆر بیرم کردەوە، ئیتر ناچار بووم داوای یارمەتی لە باپیرەم بکەم، زۆریش پێم شەرم بوو، بەڵام چارەیەکم نەبوو.

باپیرم هێشتا میراتی دابەش نەکردبوو بەسەر مناڵەکانی، بۆیە بڕیارمدا بچم داوای مافی دایکم بکەم، هیچ چارەیەکی ترم نەبوو...

کەوتمە ڕێگا بۆ ماڵی باپیرەم، بەو هیوایەی بگەم بەشتێک. ئیتر گەیشتم و دوای هەواڵ پرسین لەیەکتری، باپیرم گووتی:

کچم ئارەزوو، کارێکی باشت کرد کە هاتی، من ئیتر پێویستە ئەرکی خۆم بەجێبگەینم، من بڕیارم دا میراتەکە هەرچی هەمە و نیمە بەسەر ڕۆڵەکانم دابەشی بکەم، ڕاستە مەریەمی کچم نەماوە، بەڵام خۆ ئێوە ماون...

ئەزانم پڕۆژەشت لەبەر دەستە ئیتر کاتی هاتووە بەشە میراتی دایکت بدەم بەتۆ. لە دڵ خۆشیان نەم ئەزانی چیبکەم، لەو کاتەدا سوژدەی شوکرانەم بۆ پەروەردیگاری مەزن برد.

پەروەردیگارم لە کاتی گونجاو بە هانامەوە هات، بێ ئەوەی من یەک ووشە بڵێم، کارەکەی بۆ چارەسەر کردم و پێکیهێنا!

ئیتر باپیرەم گووتی: دوو سەد مەتر زەوی هی دایکتە، تۆش براکانتی لێ بێبەش مەکە.

ئەیفرۆشن، ئەیکەن بە خانوو، ئەیکەن بە باخچە، کەیفی خۆتانە، ها ئەوەش تاپۆکەی.

دەستی باپیرم ماچ کردو، بە دڵێکی خۆشەوە گەڕامەوە شار، کە چوومەوە، بینم یوسف و ئیبراهیم بە غەمباری لەدەرەوە دانیشتبوون!

منیش گووتم: خێرە برا جوانەکانم!

چی بووە؟

گووتیان: چی بێت دادە گیان، وەک هەمیشە خاتوو نیعمەت بیانوومان پێ ئەگرێ و ئەڵێ: بۆنی پێتان ناخۆشە، بڕۆنە دەرەوە لە ماڵ.

دادە شتێک بکە، با ماڵی خۆمان هەبێ، چیتر تەحەممولی ئەو ئافرەتە ناکەین، باوکمیشی خستۆتە ژێر دەستی خۆی! بەس ماوە دەرمان بکات. منیش بەخەندەوە گووتم:

زۆری نەماوە برا جوانەکانم، دەگەین بە ئامانجی خۆمان.

هەواڵێکی نایابم پێیە بۆ ئێوە! (میراتی دایکمم وەرگرت).

ئەمڕۆ باپیرەم پێیدام، بۆیە پێویستە قسەتان لەگەڵ بکەم، ئیتر ئەوانیش هەناسەیەکیان هەڵمژی و، گووتیان: سوپاس بۆ خوا.

گووتم: براکانم، پێویستە ڕێککەوین، ئێوە ڕازین زەویەکە بفرۆشین و پڕۆژەکەی خۆمان تەواو بکەین؟

ئەوانیش گووتیان:

بێگومان دادە بە دڵ و بە گیان لەگەڵتین، بەس ئەبێ چارەیەک بۆ مەسەلەی خانــوو بدۆزیەوە، ئەو ژنە بە ئاشکرا ئەڵێ بڕۆن. (براکانم لە نانەوایەک کاریان ئەکرد، شەوانەش ئەیان خوێند).

گووتم: براکانم، ئێمە گەر بتوانین کرێی خانوو بدەین، ئەچینە کرێ، بەڵام جارێ باسی هیچ نەکەن لای کەس باشە، گووتیان:

باشە دادە گیان.

خاتوو نیعمەت زۆر لەخۆبای ببوو، کرێی خانووی وەر ئەگرت و، هەمووی بەشتی بێ هوودە و پڕو پووچ سەرف ئەکرد.

تەنانت جل و بەرگیشی بۆ مناڵەکانی نە ئەکڕی!

ئەبوایە من بیانبەم بۆ بازاڕ و شتیان بۆ بکڕم، ئینجا ئەشی گووت: ئەیەوێ مناڵەکانم بۆ خۆی ڕاکێشێ!

دایمە بە خراپە باسی ئەکردم لای باوکم، باوکیشم هەر لەسەر منی هەڵ ئەڕێشت، منیش هەر ئارامیم ئەگرت و، هیچ نا ئومێد نەئەبووم لە ڕەحمی خودا.

من زمانی ئینگلیزی و عەرەبی و فارسیم باش ئەزانی، بۆیە کاری وەرگێڕیم ئەکرد. کتێبم لەم زمانانەوە وەرئەگێڕا بۆ سەر زمانی کوردی، بۆیە زۆر بەدوای کتێب و ئەم شتانە ئەگەڕام، لە پێناو ئەوەی چاکترین و باشترین کتێبەکان بۆ ڕۆڵەکانی وولاتەکەم وەربگێڕم.

ئیتر ئەوە بوو دوا بڕیارم دا، زەویەکەم فرۆشت و پارەکەم دابەش کرد، پارەی زەویەکەمدا بە نیعمەت خان و، هەندێکیشمدا بە پێشەکی خانووی کرێ، ئەوەی تریشم دانا بۆ مەسروفی بینایەکە.

خانوێکم هەر لەکۆڵانی خۆمان گرت، بۆ ئەوەی زۆر دوور نەبم لە ماڵی باوکم، چونکە بەسۆز منی زۆر خۆش ئەویست، بە دادە بانگی ئەکردم، زۆر پەیوەست بوو بەمنەوە.

شەوێک دانیشتم و بابەتەکەم بۆ باوکم باس کرد، گووتم: من خانووم گرتووە باوکە. ئێرە زۆر بچوکە شوێنی هەمووومان نابێتەوە، بۆیە پێویست بوو ئێمە بچینە خانویەکی تر.

باوکم خۆی تووڕە کرد و، گووتی:

فێربووی کاری سەربەخۆ دەکەی!

دواتر خەڵکی چیم پێ ئەڵێن؟!

ئەڵێن: منداڵەکانی فڕێ داوەتە دەرەوە...

گووتم: باوکە، واز لە قسەی خەڵکی بێنە، دواتر نیعمەت خان بانگی دەرەوەی کرد و، گووتی:

پیاوەکە وازیان لێ بێنە، با بڕۆن خۆت نابینی ماڵەکە چەند بچووکە!

گووتی: ژنەکە خانوویەک کۆمەڵ شتی پێویستە زۆر زەحمەتە بۆ ئەوان، ئەو هەموو شتە دابین بکەن.

گووتی: مادەم بیریان لە خان و کردۆتەوە دیارە ئەو شتانەشیان پێدەکرێ!

ئیتر باوکمی ڕازی کرد، باوکم هاتەوەو، گووتی: باشە کچم، بە دڵی خۆتان بکەن.

هەر نەیگووت: چیتان پێویستە؟ چیتان دەوێ؟ چیتان ناوێ؟ وەک بڵێی منداڵی ئەو نەبین!

لەو کاتەدا، ئەو ووتەیەم بیر هاتەوە کە لە کتێبە باپیرەمدا

هاتبوو: ئافرەت چۆن مناڵ پەروەردە ئەکات، ئاواش ئەتوانێ پیاوێک پەروەردە بکات،

ئەتوانێ پیاو وا لێ بکات دڵی ببێ بە لۆکە، ئەشتوانێ وای لێ بکا دڵی ببێ بە بەرد. ڕێک وەک ئەوەی دایکم و ئەو ئافرەتە!

تا دایکم هاوسەری ئەو پیاوە بوو، ئەم پیاوە دڵی لۆکە بوو، کەچی ئێستا نیعمەت خان دڵی ئەو پیاوەی کردووە بە بەرد!

نەک بۆ منداڵەکانی خۆی، بەڵکوو بۆ کەسانی تریش دڵی ئاوا گۆڕا بوو. بەڵام من هەر بەو ئامانجەوە دەجەنگام، تا هەموو شتێک چاک بکەم و دڵی پوورە نیعمەتیش بەدەست بێنم و، تێی بگەیەنم کە ئێمە یەک خێزانین لە پێناو منداڵەکان.

ئیتر بۆ ئەوەی ناخۆشی زیاتر دروست نەبێ، باشترین کار ئەوەبوو: لێکجوودابینەوە.

ئیتر من و دوو براکەم ماڵمان گواستەوە بۆ خانووی کرێ و، لەوێ دەسمان بە ژیانێکی نوێ کرد.

منیش وورده وورده لە ئامانجەکەم نزیک ئەبومەوە، هەموو ئەو پارەیەی لەبەر دەستمان بوو، لە بینایەکە سەرفمان کرد.

بەڵام هێشتا هەندێک کاری دیکۆرات و جوانکاری مابوو، ئەویش تێچوویەکی تری ئەویست..

ئەوماڵەی بە کرێمان گرت بوو، هی ماڵێکی دەوڵەمەند بوو، کەوا ماڵەکەیان دەگواستەوە.

خودا لێیان ڕازی بێ، گووتیان: ئەگەر شتەکانتان پێویستە بەتاڵی ناکەین، چوونکە ئێمە ماڵەکەمان بە کاملی نوێ کردۆتەوە.

گووتم: وەڵا خێریشتان ئەگات، چونکە لە ئێستادا پارەیەکی وامان لەبەر دەست نییە، تاکوو پێداویستی ماڵی پێ بکڕین.

ئیتر باش بوو، سوپاس بۆ خودا ماڵەکە ڕایەخ و کەوەنتەرو هەموو شێکی تێدا بوو، هەموویان بۆ ئێمە جێهێشت.

ئێمەش بە کەل و پەلەکانی ئەوان ژیانمان بەڕێ ئەکرد...

لە کۆتیایدا، سوپاس بۆ خودا بەهاوکاری هەموان، پڕۆژەکەمان تەواو بوو، هەموومان تێیدا دەست بەکار بووین. هەموو شتێک زۆر جوان بوو، تەنها لە دایکمی کەم بوو...

ئاواتەکانی دایکمیشم بەدی هێنا، براکانم چوونە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، من و هیواش هاوسەرگیریمان کرد و، بووینە خاوەنی کچێکی تەندرووست و جوانکیلە، ناویشمان لێنا بەهەشت.

باوکم و پوورە نیعمەتیش هاتن و، داوای لێبووردنیان لێ کردم و، لێم تێگەیشتن، ئەوانیش کچێکیان بوو، ناویان نا فیردەوس، بەهەشت و فیردەوس هەر وەک و دووانەیەک وابوون.

من و هیوا هەر بەوەندە نەوەستاین، بەڵکوو زۆر شوێنی ترمان ئاوەدان کردەوە و، پڕۆژەی خێرخوازیمان تێدا ئەنجامدا.

ڕۆژێک لە کتێبخانەکەم بووم، خەریکی ڕێکخستنی کتێبەکان بووم، بەهەشتی کچم هاتە لام و، گووتی:

دایکە، میوانێک لە باغچەکە چاوەڕێت دەکا، منیش گووتم: کێیە کچم؟

گووتی: ئافرەتێکە، کچێکی بچووکی لەگەڵە.

منیش چووم بۆ باغچەکە، بینیم ئافرەتێک لەگەڵ کچێکی جوانکیلە لەوێ دانیشتوون، ئیتر لێیان نزیک بوومەوە.

هەڵسایە سەر پێ و، گووتی: ئارەزوو، هەر بە بینینی ڕوخساری و، چاوە ڕەشەکانی ناسیمەوەو، پڕ بەدڵ گووتم: شەوبۆ گیان.

یەکترمان توووند لە باوەش گرت و، لە خۆشیان ئەگریام.

دوای تەمەنێک دابڕان، هەردووکمان زۆر گۆڕابووین، بەڵام ناسینەوەی شەوبۆ بۆ من زۆر ئاسان بوو.

سوپاس بۆ خوا، دووبارە بە هاوڕێکەم شادبوومەوە.

شەوبۆ گووتی: ئارەزوو گیان، هەواڵێکی زۆر خۆشم پێیە بۆتۆ، ئێمە بەیەکجاری هاتووینەوە و هەر لێرەش دەمێنینەوە، جارێکیتر لێک دانابڕێین.

منیش لە خۆشیان قسەم بۆ نە ئەکرا، شەوبۆ کچەکەی ناو نابوو ئارەزوو. پێی گووتم: هەرکات سەیری کچەکەمم دەکرد، ڕووخسارە جوان و شیرینەکەی تۆم دەهاتەوە بەرچاو، کە هەر وەک مانگ ئەدرەوشایەوە، ئارەزوو گیان، ئەی مانگی ڕووناککەرەوەی ژیانی من.

پاش زاڵبوون بەسەر هەموو ناخۆشیەکان، بەرهەمی ئارامگرتنەکەمم زۆر بەجوانی بینی...

ئێوەش ببینن، ببینن بەرهەمی ئارام گرتن و، زاڵبوون بەسەر کۆسپەکان چەند بەرهەمێکی جوانی دەبێت!

هەروەک چۆن پەروەرێنەرمان پێمانی ڕاگەیاندووە و، دەفەرموویێتن: (إن مع العسر يسرا)، واتە: بەڕاستی لە دوای هەموو سەختی و ناخۆشییێک، ئاسانی و خۆشی دێت!

کەواتە، (قەت هیوا لەدەست مەدەن و بێ هیوامەبن، چوونکە ژیان بەبێ هیواو ئومێد نابێت و ناچێتەسەر).

(کۆتایی)

سوپاس و پێزانین:

سەرەتا سوپاس بۆ خودای گەورە کە تەمەنی پێبەخشیم، وە توانای پێبەخشیم بۆ نووسینی ئەم ڕۆمانە. وە سوپاس بۆ هاوسەرەکەم کە پاڵپشتم بوو. وە سوپاس بۆ برای زێدە ئازیزو بەڕێزم، کاکە عبدوالعزیز، کە زۆر پێمەوە ماندوو بوو.

وە سوپاس بۆ هاوڕێی ئازیزم، بەناز گیانی خوشکی هاوسەرەکەم، کە زۆر هانی دام تاکوو پەرە بە تواناکانم بدەم. خودا پاداشتی هەموویان بداتەوە...

ڤیان ئازاد

٢٣ی ٢ی ٢٠١٩